# کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر بەرهەمهێنانی ریکلام وکەمکردنەوەی داهات؛ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا

د.شوان ئادەم ئەیڤەس*   د.نەزاکەت حسێن سەعید**   هەرێم کەریم غەفور***

وشە کلیلییەکان: کۆڤید-19، ریکلام، کاریگەری، تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، قەدەغەی هاتووچۆ.
https://doi.org/10.31271/jopss.10035

**پوختەی توێژینەوە:**

دۆزینەوەی کاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید-19 لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام و داهاتی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە؛ بەتایبەت لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی جیهانیی پەتاکە و بڕیاری ناوخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ قەدەغەی هاتووچۆ لەماوەی نێوان 14ی ئادار بۆ 01ی ئایاری 2020دا. بۆ ئەو ئامانجەش، پشت بە کۆکردنەوەی داتای پێویست و گرتنەبەری هەردوو ڕێبازی توێژینەوەی رووپێویی و چاوپێکەوتن بەستراوە. لەو چوارچێوەیەشدا، 98 راگەیاندنکار و رۆژنامەوان لەگەڵ چوار کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ریکلام و سێ کەناڵی ئاسمانیی و زەمینیی کوردی، وەك مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەش، کۆڤید-19 و دەهاویشتەکانی خۆپاراستن لێی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، کاریگەریی راستەوانەی لەسەر پەیوەندیی نێوان جوڵەی مرۆڤەکان و جوڵەی بازاڕی هەرێمی کوردستان هەبووە. ئەو کاریگەرییەش بەلای راگەیاندنکار و رۆژنامەوانانەوە زۆرتر بووە وەك لەلای هەریەك لە بەڕێوەبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام. هەروەها کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی پرۆژەی گەورەی ڤیدیۆیی هەریەك لەکۆمپانیاکانی (سولی میدیا، ئەیدی میدیا، یونیك ئینجین و ستارت سەنتەر) هەبووە. هاوکات کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی ریکلامی کەناڵە زەمینییەکانی (فاڵکۆن) زیاتر و لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکانی (پەیام و ئێن ئاڕ تی) کەمتر بووە. ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی باوی زۆرینەی راگەیاندنکار و رۆژنامەوانانی نێو میدیاکانە کە "هاوڕان" لەگەڵ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید-19و دەرهاویشتەکانی بەجۆرێکە، دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەو بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان یاخود دابەزینی کواڵیتی بەرهەمەکانیان.

**ملخص البحث:**

**آثار COVID-19 على إنتاج الإعلانات وخفض الإيرادات ؛**
**التلفزيونات الكردية أثناء حظر التجول في إقليم كردستان العراق**

الهدف الرئيسي من هذا البحث هو استكشاف آثار وباء COVID_19 على مستوى الإنتاج والإعلان ودخل القنوات التلفزيونية الكردية؛ خاصة خلال الانتشار العالمي لهذا الوباء والقرارات

* مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی shwan.adam@spu.edu.iq
** پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq
*** مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی harem.ghafor@spu.edu.iq

والتدابير الداخلية لمنع التجوال في إقليم كردستان العراق في الفترة من 14 مارس إلى 01 مايو 2020. للوصول إلى هذا الهدف ، يعتمد البحث على جمع المعلومات اللازمة إجراء طرق البحث الوصفية (الاستبيان والمقابلة). في هذا السياق، تم استخدام استطلاع الرآى والاستبيان مع 98 عاملاً إعلاميًا وصحفيًا والمقابلة مع أربع شركات إعلانية وثلاث قنوات فضائية ومحلية كردية كنموذج لمجتمع البحث. وبحسب نتائج البحث COVID_19 ونتائج الحفاظ على الوباء وحمايته في فترة حظر التجول، هناك تأثير مباشر على العلاقة بين حركة المواطنين وحركة السوق في إقليم كردستان، وأثره على الصحفيين أكثر من القنوات الكردية وشركات إنتاج الإعلانات. كما كان لها تأثير سلبي على مستوى إنتاج مشاريع الفيديو لشركات؛ مثل (سولي ميديا، اد ميديا، يونيك انجين، وستارت سنتر). في الوقت نفسه ، مع وجود مصادر أخرى للايرادات من خلال الملكية والدعم المالي من قبل الأحزاب السياسية وشركاتها ، بنسب ومستويات مختلفة؛ آثارها على ايرادات الإعلانات للقنوات الفضائية؛ مثل (NRT و Payam) أقل من القنوات المحلية مثل تلفزيونات (Falcon). على عكس المواقف السائدة لمعظم العاملين في وسائل الإعلام والصحفيين من مختلف القنوات الإعلامية الذين "اتفقوا" على أن الآثار السلبية لوباء Covid_19 وعواقبه ستصبح تهديدًا لبقاء واستمرارية وسائل الإعلام الكردية.

**Abstract:**

**The effects of COVID-19 on advertising production and revenue reducing; Kurdish televisions during curfew of Iraqi Kurdistan Region**

The main objective of this research is to explore the effects of the COVID_19 pandemic on the level of production, advertising and income of Kurdish TV channels, especially during the global spread of this epidemic and the internal decisions and measures to prevent roaming in the Kurdistan region of Iraq from March 14th to May 01st 2020. To reach this goal, the research relies on gathering the information necessary to conduct descriptive research methods (the questionnaire and the interview). In this context, the opinion poll and the questionnaire were used with 98 media workers and journalists, an interview with four advertising companies and three Kurdish satellite and local channels as a model for the research community. According to the research results, COVID_19 and the results of maintaining and protecting the pandamic in the curfew period, there is a direct impact on the relationship between the citizen movement and the market movement in the Kurdistan region, and its impact on journalists more than Kurdish channels and advertising production companies. It also had a negative impact on the level of production of video projects for companies, such as (Suli Media, Ed Media, Unique Engine, and Start Center). At the same time, with other sources of revenue through ownership and financial support by political parties and their companies, with different proportions and levels; its effects on advertising revenue for satellite channels; such as (NRT and Payam) less than local channels like (Falcon TVs). Contrary to the prevailing attitudes of most media workers and journalists from various media channels who have "agreed" that the negative effects of the COVID_19 pandamic and its consequences will become a threat to the survival and continuity of the Kurdish media outlets.

# پێشەکی

لەدوای کۆتاییهاتنی ململانێی جووتجەمسەری بلۆکی لیبراڵیی ئەمەریکا و سۆشیالیستیی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، بۆیەکەمجار ئەو تێروانینە هاتەگۆڕێ کە پەتای جیهانیی نەخۆشی ڤایرۆسی نوێی کۆرۆنای ناسراو بە کۆڤید-19؛ دەشێت ببێتە هۆی رێکخستنەوەی سیستمی جیهانی. بەچەشنێك کۆماری میللیی چین هەوڵی سەرکردایەتییکردنی نێودەوڵەتیی بدات و ئەوەیش نیگەرانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لێبکەوێتەوە، بەهۆی لەدەستدانی پێگەی تاکجەمسەری و پێشڕەوی لەسەدەی بیستویەکدا. هەربۆیە ئێستا مشتومڕە گەرمەکانی زانایان و نێوەندەکانی توێژینەوە، لە قسەکردن لەسەر دابەزینی نرخی نەوتەوە گوێزراوەتەوە بۆ قسەکردن لەسەر تیۆری پیلانگێڕیی (conspiracy theory) و بەرهەمهێنانی ڤایرۆسی تاقیگەیی و وەبەرهێنانی میدیایی لەشەڕی ساردی نێوان زلهێزەکاندا. لەو نێوەندەشدا، لەگەڵ دەرکەوتنی کۆڤید-19 و زیاتر تەشەنەسەندنییدا، سەرچاوەی داهات و دارایی بەشێکی زۆر لەو میدیایانەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام سەرچاوەی مانەوە و بەردەوامییان بوو، گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئەوەش ناچاری کردن پێداچوونەوە بەبڕی تێچوون و خەرجیی کەناڵەکانیان و ژمارەی کارمەندەکانیان بکەن. هاوکات کەرتی میدیا و مارکێتینگ و جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراقیش پریشکی ئەو پەتا جیهانییەی بەرکەوتوو، بەناچاریی بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆی راگەیاند، ئەویش لەپێناو سنورداکردنی پەتاکە و کەمتر بڵاوبوونەوەییدا. ئەوەیش زەمینەیەکی لەباری بۆ توێژەران رەخساند تاوەکو بیر لەدەرهاویشتەکانی خۆپاراستن لە پەتاکە و کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی گشتیی و تایبەتیی و جومگە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەرانی میدیا بکەنەوە و لە روانگەی پسپۆڕیی خۆیانەوە، توێژینەوەی تایبەتمەند و فرەپسۆڕی بەرهەم بهێنن.

ئەم توێژینەوەیە، کار لەسەر دەرخستنی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19 دەکات لەسەر ئاستی داهاتی ریکلام لەنێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا. ئەویش لەسۆنگەی مەترسیيە تەندروستییەکانی پەتاکە و دەرهاویشتە داراییەکانی کە بووەتە بابەتی سەرەکیی ئەم هەوڵە نوێیەی توێژەرانی میدیایی.

بێجگە لە پێشەکیی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکیی پێکهاتووە: لەیەکەم بەشدا، بایەخ و ئامانجەکان و پرسیارەکان و جۆر و رێبازەکانی توێژینەوە و ئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە روونکراونەتەوە. لەدووەم بەشدا، چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە و ئەوەی پەیوەندیی بە چوارچێوەی تیۆرییەوە هەیە شیکراونەتەوە. لەسێیەم بەشدا، لەرێی جۆر و رێبازی بەکارهێنراوی توێژینەوەکەوە؛ کۆی داتا بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو. لە بەشی چوارەم و کۆتاییشدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەژێر رۆشنایی ئامانج و پرسیارە سەرەکییەکاندا هەڵسەنگێنراون و راسپاردەی گونجاویان لەبارەوە پێشکەشکراون.

# ١. بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوە

لەم بەشەدا و لەرووی میتۆدییەوە، سود و بایەخی توێژینەوەکە و ئامانج و پرسیار و رێبازو رێوشوێنەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو. ئەوەیش وەك دەستپێکێك بۆ چوونەنێو وردەکارییەکانی توێژینەوەکە و ئاسانکاریی و بەرچاوڕوونیی زیاتر لەسەر ناونیشان و ناوەڕۆك و سنور و کۆمەڵ و مشتەی وەرگیراو.

### ١،١: ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

"کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر بەرهەمهێنانی ریکلام و کەمکردنەوەی داهات؛ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستاندا" ناونیشانی سەرەکیی توێژینەوەکەیە. زیاتر لە هۆکارێك لە پشت هەڵبژاردنییەوە بوو، لەوانە: پەتای نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا و تازەیی دەرکەوتن و تەشەنەسەندنی بە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، لەنێویشدا پارێزگاکان و شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە توێژینەوە لەبارەی بوارە جیاوازەکانی و بەرهەمهێنانی سەرچاوەی زانستیی نوێ؛ ئەگەر سنوردار نەبێت ئەوا کەم و دەگمەنە. هاوکات راگەیاندنی ماوەی قەدەغەی هاتوچۆ، بەمەبەستی خۆپارێزیی و سنوردارکردنی بڵاوبوونەوەی پەتاکە و لەماڵەوەمانەوەی هاووڵاتیان، هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لەوەی ئەم ناونیشانەی سەرەوە بکرێتە بنەما و تەوەری سەرەکیی توێژینەوەکە. ئەوەش بەمەبەستی تێگەیشتن لەجوڵەی بازاڕ و ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا.

### ٢،١: سود و بایەخی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە زۆرتر لەوەدا چڕدەبێتەوە کە لەگەڵ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ درێژکردنەوەی قەدەغەکردنی هاتووچۆ؛ ئەنجامدرا کە دەتوانرێت راستەوخۆ لە کاریگەرییەکانی ئەو پەتایە و بڕیارەکانی پەیوەست بەو پەتایە بکۆڵرێتەوەو ئەنجامگیریی بکرێت. بەتایبەت لەرووی میدیا و مارکێتینگ و رۆڵیان لەکەم و زیادکردنی سەرچاوەی داهات و داراییدا. هەروەك دەکرێت ببێتە یەکەم توێژینەوەی کوردیی لەسەر دەرخستنی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لە کەمکردنەوەی داهات و ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامدا. لەرووی زانستییشەوە، دەبێتە بەردی بناغە و هۆی هاندانی توێژەرانی پسپۆڕییە جیاوازەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی دیکە لەم بوارەدا. بەدەر لەوەش، پەیوەندیی نێوان جوڵەی مرۆڤەکان و جوڵەی بازاڕ و ئاستی داهات و بەرهەمهێنانی ریکلام ئاشکرادەکات. هاوکات ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش بۆ هەریەك لە بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەرانی ریکلام و خاوەنی میدیاکان گرنگ و بایەخدارە، ئەویش لەرێی پەیبردن بەدۆزینەوەی سەرچاوەی داهات و دارایی دیکە بۆ مانەوەو بەردەوامیی ریکلام لەکاتی قەیرانەکاندا.

**٣,١: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەپێناو دۆزینەوەو گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی نوێیە کە ئەوانیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتدەبنەوە:

١.بۆ دەرخستنی پەیوەندیی نێوان جوڵەی مرۆڤەکان و جوڵەی بازاڕ و ئاستی داهات و بەرهەمهێنانی ریکلام.

٢.بۆ زانینی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکانی ریکلام لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

٣.بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی داهاتی ریکلام لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

**٤,١: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە دەدات، لەڕێی ئەم چەند پرسیارە سەرەکییەی خوارەوە:

١.ئایا بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەرهاویشتەکانی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندیی نێوان جوڵەی مرۆڤەکان و جوڵەی بازاڕی هەرێمی کوردستان هەبووە؟

٢.ئایا بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەرهاویشتەکانی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیا ریکلامییەکانی (سولی میدیا، ئەیدی میدیا، یونیك ئینجین، ستارت سەنتەر" هەبووە؟

٣.ئایا بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەرهاویشتەکانی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی داهاتی ریکلامی کەناڵە زەمینیی و ئاسمانییە کوردییەکانی (ئێن ئاڕ تی، پەیام، فاڵکۆن) هەبووە؟

**٥,١: جۆر و رێبازەکانی توێژینەوەکە:**

لەرووی زانستییەوە، ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی پەسنی (descriptive study) هەژمار دەکرێت کە بۆ راییکردنی لایەنە کردەییەکەی و کۆکردنەوەی داتاکانی پشت بە رێبازەکانی توێژینەوەی رووپێوی (surveying)و چاوپێکەوتن (interview) دەبەستێت. رووپێوی، مەبەست لێی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییە لە مشتە (sample)ی توێژینەوەکەدا، بەشێوەی تاك و لەرێگەی وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکانەوە. زۆرتر لەنێو زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا و بۆ توێژینەوەی چەندایەتی (quantitative) لە رەفتاری مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێت کە زیاتر پشت بەکۆکردنەوە و رێکخستنی ژمارەکان و پۆلێنکردنیان دەبەستێت[1]. ئەویش لەرێی پرۆگرامی ئاماریی و خستنەڕووی

[1] PONTO, J., 2015. Understanding and Evaluating Survey Research, [Online]. *Researchgate* (15 December). Available at: https://www.researchgate.net/publication/286445115_Understanding_

داتاکان بەشێوەی خشتە و چارت، ئەو داتایانەشی لە رێی ئەم توێژینەوەیەوە کۆدەکرێنەوە، هەنگاو بەهەنگاو تاوتوێدەکرێن و دواتر هەموو رێوشوێنەکانی دەستکەوتن‌و شیکردنەوەیان دەخرێنەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، چاوپێکەوتن وەك رێبازێکی توێژینەوەی جۆرایەتی (qualitative) بۆ پەسنیی و ناخشیکاریی بیرۆکەی بابەتێك بەکاردێت کە ئامانج لێی گەڕانە بەدوای تێگەیشتن لە مەبەستی سەرەکیی ئەو کەسانەی بوونەتە بەرتوێژی توێژینەوەکە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازکراوە.(١) گرنگیی چاوپێکەوتن لەم توێژینەوە زانستییەدا؛ دۆزینەوەی چیرۆکی پشت ئەزموونی کەسیی بەرتوێژانە لەرووی رەفتارو هەڵسوکەوتییانەوە. واتە بە قوڵیی دەچێتە بنجوبناوانی بابەتەکە و دەتوانرێت بۆ بەدواداچوونی پرسێکی دیارییکراو و پاڵپشتییکردنی رێبازی توێژینەوەی چەندێتیی سودی لێوەربگیردرێت و ببێتە تەواوکەری رێبازی رووپێوی(٢).

### ٦,١: رێگە و ئامرازی توێژینەوەکە:

جگە لە چاوپێکەوتن، لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی راپرسیی ناو پرۆگرامی گۆگڵ ٣ بەکارهاتووە، بۆ دارشتنی پرسیارەکانی توێژەران و کۆکردنەوەی وەڵامی بەرتوێژان. ئەم پرۆگرامە، خزمەتگوزارییەکی ئینتەرنێتیی کۆمپانیای گوگڵە، پرسیار و بژاردە هەمەچەشنەکانی فۆرمی راپێوی بەپێی خواستی توێژەر دروستدەکرێن و پاشتریش دوای رێکخستنی پرسیار و بژاردەکان، بەچەندین شێوەی وەك ئیمەیڵ، ناردنی لینکی راپرسییەکە یان دانانی لە ئەکاونت و گروپەکانی قسەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووك، ڤایبەر، واتسئەپ، گەیەنرایە زۆرترین ژمارەی بەرتوێژان. لەپاش تێپەڕبوونی ماوەی نێوان ٠٣_١٣ی نیسانی ٢٠٢٠ فۆرمی ئۆنلاینی راپێوییەکە کاراکرا و دوای داخستنی، ژمارەی فۆرمە گەڕاوەکان گەیشتنە ١٥١ فۆرم. پاش پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی فۆرمەکان، دەرکەوت ٢٠ دانەیان کەمووکورتییان تێدایە، ئەویش بەهۆی وەڵامنەدانەوەی هەندێ پرسیار و هەڵەی تەکنیکی، وایکرد ١٣١ دانە بمێننەوە. دواتر توێژەران بەپێویستیانزانی وەڵامەکانی ئەو بەربژێرانەی ئەزموونی رۆژنامەوانییان لەیەك ساڵ کەمترە لابرێن، چونکە کەمتر لە ساڵێك نابێتە هۆی ئاشنابوون و فێربوونی بوارەکە و ئاگاداربوون لەوردەکاریی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتی میدیاکان. پاش لابردنیان، نزیکەی ٣٣ فۆرمی تر رەتکرانەوە و لەئەنجامدا ٩٨ فۆرمی دروست لەکۆی ١٥١ فۆرمی وەڵامدراوە مانەوەو داتاکانیان شیکرانەوە و هەڵسەنگێنران. هاوکات لەرێی نووسینەوە، چاوپێکەوتن(٤) لەگەڵ چوار کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ریکلام و سێ کەناڵی تەلەڤزیۆنیی

---

and_Evaluating_Survey_Research. [Accessed on: 21 March 2020]. Pp.168.

(1) KVALE, S., 1996. Interviews an Introduction to Qualitative Research Interviewing, Sage Publications. Pp. 56.

(2) MCNAMARA, C., 1999. General Guidelines for Conducting Interviews. PhD thesis. University of Minnesota. Pp.22.

(٣) بڕوانە فۆرمی ژمارە ٠١ی لیستی پاشکۆکان.

(٤) بڕوانە فۆرمی ژمارە ٠٢ و ٠٣ی لیستی پاشکۆکان.

زەمینیی و ئاسمانیی سازدرا بەئامانجی باشتر تێگەیشتن لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**٧,١: سنوری توێژینەوەکە:**

هەرێمی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی راپەڕین و گەرمیان لەرووی شوێنەوە، سنوری جوگرافیی توێژینەوەکە پێکدێنن. لەرووی کاتەوە، سنوری توێژینەوەکە ماوەی نێوان ١٤ی ئادار بۆ ٠١ی ئایاری ٢٠٢٠ی وەرگرتووە کە بۆ بەرگرتن لەزیاتر بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩، حکومەتی هەرێمی کوردستان "قەدەغەی هاتووچۆ"ی بەچەند قۆناغێك لەهەر چوار پارێزگاکە و ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە کارگێڕییەکاندا راگەیاند. لەرووی مرۆییەوە، سەرجەم بەرتوێژان لەو پارێزگا و ئیدارە و یەکانەدا دەگرێتەوە کە بەشداریی پڕکردنەوەی فۆڕمی راپێوییان کردووە یان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازدراوە. لەرووی بابەتییشەوە، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی نێو سنوری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**٨,١: کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، هەموو راگەیاندنکار ورۆژنامەوانانی میدیا جیاوازەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلام و تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەکۆمەڵی توێژینەوەکە (research population) وەرگیراون. ئەویش بەجەختکردنەوە لەسەر جیاوازیی تەمەن، رەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنی کارکردنی پیشەیی، ئەزموونی رۆژنامەوانیی و ئاستی زانستییان. هەروەها مشتە (sample)ی راپێوی ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری مشتەی هەڕەمەکی ( random sample)ەو بەشێوەیەکی گشتیی ٩٨ راگەیاندنکارورۆژنامەوانان وەرگیراون، بەڵام بۆ چاوپێکەوتنەکان؛ ویستە مشتە (intention sample) بەکارهێنراوە بۆ هەڵبژاردنی چوار کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ریکلامیی وەك (سولی میدیا، ئەیدی میدیا، یونیك ئینجین، ستارت سەنتەر) و تەلەڤزیۆنەکانی (فالکۆن، ئێن ئار تیی و پەیام) کە بارەگای سەرەکیی هەموویان لە سنوری پارێزگای سلێمانییدان. هەڵبەت هۆکاری سەرەکیی لەپشت هەڵبژاردنی ئەم کۆمپانیا و تەلەڤزیۆنانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانیی دەستگەیشتن پێیان و زوو وەڵامدانەوەیان لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا. ئەوە جگەلەوەی کە هەریەکەیان نوێنەرایەتیی ئاراستە و هێڵێکی جیاوازی کارکردن دەکەن و جۆرێك لە داتای هەمەڕەنگی پاشخان جیاوازیان بەناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەخشیوە. بەدەر لەوەیش، پێشتر توێژەران هەوڵی وەرگرتنی مشتەی فراوانتریان لەپارێزگا جیاوازەکان دا، بەڵام بەهۆی بەدەنگەوەنەهاتنیان و سنورداریی ئەمجۆرە توێژینەوانەوە، نەتوانرا قەبارەی ئەم توێژینەوەیە لەوەی ئێستا گەورەتر و وردتر بکرێتەوە.

**٩,١: توێژینەوەکانی پێشوو:**

هاوکات لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا، چەند توێژینەوەیەکی دیکەش بەزمانی ئینگلیزیی ئەنجامدراون کە دەکرێت سوودبەخش بن، لێرەدا بخرێنەڕوو. یەکەمیان توێژینەوەیەکە لەبارەی

بازاڕگەریی و کاریگەریی پەتای جیهانیی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بە تراژیدیایەکی مرۆیی ناوی دەبات کە کاری کردوەتەسەر ژیانی ئابوری، کۆمەڵایەتیی بەشێکی زۆری دانیشتوانی جیهان. بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە کەوتنە بەرەی جەنگ لەگەڵ ئەم ڤایرۆسەدا بۆ وەستاندنی و دۆزینەوەی چارەسەر کە کاریگەریی لەسەر بازاڕو پرۆسەی بازاڕگەریی و برەودان بە بەرهەمەکان هەبووە. ئەویش لەبەر هۆکارگەلی وەك دابڕانی خەڵك و مانەوەیان لەماڵەکانیان، کەمبونەوەی داهاتی خەڵك بەهۆی قەیرانی ئابوریی کە کۆڤید-١٩ دروستیکرد، خواستی خەڵك بۆ کڕینی بەرهەمێکی دیارییکراو و فەرامۆشکردنی زۆر بەرهەم و کاڵای تر، نەکڕینی شتومەك و کەلوپەل لە ترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە، کەمبونەوەی جوڵەی مرۆڤەکان و ترس لەمردن[(١)].

دووەمیان توێژینەوەیەکە لەلایەن کۆمپانیای میدیای گەردوونیی نیڵسن ( Nielsen Global Media) ئەنجامدراوە لەبارەی کۆڤید-١٩ و رەوشی میدیا لە باکوری ئاسیادا. لەوێدا ئاماژە بەچۆنییەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی بازرگانیی و رەفتاری بەکاربەرو لەوێشەو لەسەر بازارگەریی و ریکلامسازیی هەبووە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە دابڕانی کۆمەڵایەتیی (social distance)و مانەوە لەماڵەوە کاریکردووەتەسەر بەکارهێنانی میدیا و بەرزکردنەوەی بەرێژەی ٦٠% بۆ ٨٠%. ئەو رێژەیەش بۆ پیشەسازی میدیا، ئاژانسەکانی بەرهەمهێنانی پەیام و بەرهەم و ناوەڕۆکی میدیایی و هەواڵیی و هەروەها بۆ پەیامی ریکلامیی و بازاڕسازان گرنگبوو کە بە خێرایی دەگەیشتە وەرگرەکان و کاتی وەرگر بۆ بینیان زۆر بوو. ئەوەش وایکرد رێژەی بەکارهێنەرانی میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبێتەوە، بەتایبەتی بۆ زۆرێك لەوڵاتانی ئاسیا، بەڵام کێشەی دەستکەوتنی ریکلام و کەمیی توانای خەرجکردنی پارە بۆ دروستکردنی ریکلام لەلایەن خاوەن کاڵا و کارگەکان و دابینکردنی پارە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی میدیایی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کاتانەی وەرگر بۆ بەکارهێنانی بەرهەمە میدیایەکان هەیەتی، گرفتێکی تر بوو. واتە کۆڤید-١٩ بۆ ریکلامکردن بەبایەخ بوو، ئەویش بەهۆی زۆریی وەرگرو بەرزبونەوەی کاتی سەیرکردن، بەڵام کەمیی سەرچاوەی داهات بەهۆی داڕمانی بازاڕو بەرهەمهێنانەوە، بوو بە کێشە بۆی[(٢)].

سێیەمیان توێژینەوەیەکە لەسەر قەیرانی کۆڤید-١٩ و پیشەسازی میدیا کە حکومەتەکانی هاندا پاکتاوی شایستە داراییەکانی ریکلام بکەن. بەجۆرێك ئەم پەتا جیهانییە بووە هۆی قەیرانی دارایی بۆ میدیا حکومییەکان و لەدەستدانی هەلی کارکردن. ئەویش بەهۆی کەمیی خەرجکردنی پارە بۆ ریکلام و دەستنەکەوتن یان نەبوونی خواست لەلایەن خاوەن کاڵاکانەوە بۆ ریکلامکردن. بەتایبەت ئەو

(1) SELIGMAN, J., 2020. Marketing implications and response to the COVID-19 Virus, [Online]. *Researchgate* (15 March). Available at:https://www.researchgate.net/publication/339948474_MARKETING_AND_RESPONSE_TO_THE_COVID_19_VIRUS [Accessed on: 18 April 2020].

(2) NIELSEN GLOBAL MEDIA., 2020. The Impact of COVID-19 on Media Consumption across North Asia, [Online]. NIELSEN GLOBAL MEDIA (13 March). Available at: https://www.nielsen.com/wp-content/uploads/sites/3/2020/03/The-Impact-of-COVID-19-on-Media-Consumption-Across-North-Asia.pdf [Accessed on: 18April 2020].

قەیرانە داریيەی بەهۆی كۆڤید-١٩ەوە دروستبوو وایكرد پرۆگرامەكانی خۆشباریی (entertainment) و یارییە وەرزشییەكان كەمبێتەوە كە زۆرترین بەرهەمی ریكلامییان تیادا بڵاودەكرانەوە[1].

بەشێوەیەكی گشتیی هەر سێ توێژینەوەكە بۆ لایەنی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە سودبەخشن. بەتایبەت لە دەستنیشانكردنی كۆڤید-١٩ وەك بابەتێكی نوێی مشتومڕئامێز و كاریگەرییەكانی لەسەر كایە و كەرتە جۆربەجۆرەكان، لەنێویشیاندا بواری میدیا و ماركێتینگ. هاوكات جەختكردنەوە لەسەر بەرزبوونەوەی رێژەی بەكارهێنەرانی میدیای دیجیتاڵیی بەگشتیی و بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی وەك فەیسبوك و تویتەر لەبری میدیای كلاسیكیی وەك رادیۆ و چاپكراوەكان بۆ بڵاوكردنەوەی ریكلام و وەرچەرخانی بەهاكانی بەرهەمهێنەر و بەكارهێنەرانی میدیا لەئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییدا.

**١٠,١: چەمكە بەكارهاتووەكانی توێژینەوەكە:**

لێرەدا، زیاتر ئەو چەمكانە دەخرێنەروو كە لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتوون، ئەویش بەئامانجی باشتر روونكردنەوەی كێشەی سەرەكیی توێژینەوەكە و ئامانجە دیاریكراوەكانی.

- **كۆڤید-١٩:** پەتایەكی جیهانیی تایبەت بەنەخۆشی هەوكردنە و بەهۆی ڤایرۆسی كۆرۆنا_٢ی ناسراو بە (SARS-CoV-2) سەریهەڵدا. لەمانگە سەرەتاییەكانی ساڵی ٢٠٢٠دا، زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە و بوە هۆی گیانلەدەستدانی زیاتر لە سێ ملیۆن مرۆڤ و توشبوونی ملیۆنانی دیكە و پەككستنی زۆربەی كەرتەكان و جومگە سەرەكییەكانی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان.
- **ریكلام:** مەبەست لێی، شێوازێكی سەرنجڕاكشی پەیوەندییكردنە كە دەبێتە هۆی دروستكردنی حەز و ئارەزووی كڕیار بۆ بەرهەمێك و وەڵامدانەوەی خواستەكانی بەكاربەرو گەڕانەوەی قازانج بۆ فرۆشیاری خاوەن بەرهەم. ئەویش لەرێی بەكارهێنانی كەناڵێكی میدیایی و لەبەرانبەر كرێیەكی دیاریكراودا بەهۆی پەیامێكی میدیاییەوە حەزی جەماوەر بۆ كڕینی كاڵایەك یان خزمەتگوزارییەك دەوروژێنێت و پێشكەشی جەماوەری دەكەن.
- **كاریگەری:** مەبەست لێی، جوڵە یان هۆكاری بەركەوتنی شتێك لەگەڵ شتێكی دیكەدایە، واتە شتێك ببێتە هۆی گۆڕانكاریی شتێكی دیكە. هەروەك ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی؛ كاریگەریی بڵاوبوونەوەی كۆڤید-١٩ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوكردنەوەی ریكلام یان زیاد و كەمكردنی سەرچاوەی داهاتی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان.
- **قەدەغەی هاتووچۆ:** ماوەیەكی كاتیی ناچارییە بۆ راگرتنی جوڵەی ئوتومبیل و هاتووچۆی هاووڵاتیان، بەئامانجی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتای جیهانیی ڤایرۆسی نوێی كۆرۆنا و خۆپاراستن لەكاریگەرییە نەرێنییەكانی. حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق لەماوەی نێوان ١٤ی ئادار بۆ ٠١ی ئایاری ٢٠٢٠ و دواترییشدا بەچەند قۆناغێك درێژیكردەوە.

---

[1] LAGHHATE, G., 2020. Covid-19 crisis: Media industry urges government to clear advertising dues,[Online]. The Economic Times (06 April). Available at: https://economictimes.indiatimes.com/media-industry-urges-govt-to-clear-ad-dues/articleshow/74998593.cms?from=mdr[Accessed on 18April 2020].

## ٢. بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

لەرووی تیۆرییەوە، لەم بەشەدا سەرجەمی ئەو بابەتە پەیوەندییدارانەی بۆ لایەنی کردەیی توێژینەوەکە پێویستن، لە رێی پشتبەستن بەسەرچاوەی زانستیی نوێ دەناسرێن و روونەدەکرێنەوە. بەتایبەت هەریەك لە چەمکەکانی کۆڤید-١٩و کاریگەرییەکانی، ریکلام و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی، ریکلام و سەرچاوەی داهاتی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

### ١,٢: کۆڤید-١٩و کاریگەرییەکانی:

بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو، مرۆڤەکان تێبینیی و ئەزموونی زۆر ڤایرۆس و پەتای کوشندەیان کردووە، بەڵام سەختترینیان کۆڤید-١٩ یاخود ( Corona Virus Disease (COVID-19) Pandemic) بوو لە سەدەی ٢١دا کە بە واتای پەتای نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دێت، لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩دا لەشاری وهان-ی وڵاتی چین دەرکەوت و دواتر بۆ ٢١٣ وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاجیای جیهان گوێزرایەوە.[(١)] رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ئەم پەتایەی وەك نەخۆشییەکی درم ناساندووە کە هۆکارەکەی بۆ جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە و سەر بە خێزانێکی گەورەی ڤایرۆسەکانن کە ئاژەڵ و مرۆڤەکان تووشی دەبن. لەو خێزانەشدا، چەند جۆرێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا کێشە بۆ کۆئەندامی هەناسەدانی مرۆڤەکان دروستدەکەن. لەوانە، کۆڤید-١٩ و ڤایرۆسی کۆرۆنای مێرس لەساڵی ٢٠١٢دا و ڤایرۆسی کۆرۆنای سارس لەساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوبوونەوە. لە نیشانەکانییەوە، ئەوە دەرکەوتووە کە زۆربەی تووشبوانی کۆڤید-١٩ بەدەست هەناسەدانێکی توند و کۆکەیەکی وشکەوە دەناڵێنن. خەڵکانی بەتەمەن و ئەوانەی بەدەست کێشە تەندروستییە پێشوەختەکانی وەك نەخۆشییەکانی دڵ و بەرزی فشاری خوێن، هەناسەدانی درێژخایەن، شەکرە و شێرپەنجەوە دەناڵێن، زۆرتر و قورستر دووچاری ئەم پەتا جیهانییە دەبن.[٢] ئەگەرچی هێشتا هیچجۆرە پێکوتە (vaccine)یەکی یەکلاکەرەوە دژ بەم ڤایرۆسە بەرهەمنەهاتووە و هەوڵەکان لەوبارەوە درێژەیان هەیە، بەڵام بۆ سنوردارکردنی ئەم پەتایە و کەمتر بڵاوبوونەوەی، لەماڵەوە مانەوە و خۆبەدوورگرتن لە قەرەباڵغیی یان کەنارگیری (quarantine)، شتنی دەستەکان، دەستنەدان لەرووخسارو بەکارهێنانی جێڵی پاککەرەوە بۆ پاککردنەوەی کەلوپەلە بەردەستەکان، بەباشترین رێگەچارەی خۆپارێزیی دادەنرێن. ئەم ڤایرۆسە زۆرتر بەهۆی کەسانی تووشبووەوە

---

(1) NADEEM, S., 2020. Coronavirus COVID-19: Available free literature provided by various companies, journals and organizations around the world. *Journal of Ongoing Chemical Research*, 5(1), Pp 07.

(٢) ماڵپەری رێکخراوی تەندروستیی جیهان، ٢٠٢٠. بارودۆخی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩، [ئۆنلاین]. رێکخراوی تەندروستیی جیهان (٨ی نیسان). لەم بەستەرەدا بەردەستە:

https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019

[بەدەستهێنانی لە رۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠٢٠].

دەگوێزرێتەوە، ئەویش لەرێی کۆکین یان هەناسەدانەوەی کەسی تووشبوو بەهۆی دڵۆپە شلەی بچووکی لووت و دەم، چونکە ئەو دڵۆپە شلانەی لەرێی کۆکین و پژمینەوە دەکەونەسەر زەوی و کەرەستەکانی دەوروبەری تووشبووەکە، دەبنە هۆی تووشبوونی کەسانی دیکە بە کۆڤید-١٩. هەر ئەو هۆکارەشە وایکردووە، کەسانی ساغ بە بەردەوامیی لەرێی میدیاکانەوە هۆشیاربکرێنەوە لەوەی کە یەك مەتر و نیو دووورتر لە کەسانی تووشبوو بوەستن و دەستکێش و کەمامە بەکاربهێنن.[١]

کۆڤید-١٩و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان بەجۆرێك خێرا و بەربڵاوە، ئێستا لەهەموو کات زیاتر میدیا و پەیامەکانی لەلایەن وەرگرانەوە بەکاردەهێنرێن. هاوکات ئەم پەتا جیهانییە گەشەی بە بەهای میدیا داوە، بەڵام لەم نێوەندەشدا پێویستە رێگەیەکی پێوانەیی باشتر بدۆزرێتەوە تاوەکو لێرەبەدوا بەرزبونەوەی ژمارەی بەکارهێنەران و گەشەی بەهای میدیا بپێورێن. بەپێی توێژینەوە نوێکان،[٢] ئێستا ٨٠% بۆ ٩٠%ی خەڵك لەجیهاندا پەیامی میدیایی بۆ وەرگرتنی زانیاریی و هەواڵ و پرۆگرامی خۆشباریی و بەزمەسات بەکاردەهێنن. ئەوەیش زیاتر بەهۆی راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ، دابڕانی کۆمەڵایەتیی و لەماڵەوەمانەوە بۆ بەرگرتن لە سنوردارکردنی کۆڤید-١٩ و کەمتر بڵاوبوونەوەی یاخود بۆ کەمکردنەوەی نرخ و خۆڕاییکردنی ئینتەرنێت لە هەندێك وڵاتی جیهاندا دەگەڕێتەوە کە وایکرد ژمارەی بەکارهێنەرانی گشتیی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت بەرزبێتەوە. ئەوەش زەمینەی زیاتری بۆ خاوەن کاڵاکان رەخساند بەوەی پانتایی بڵاوکردنەوەی ریکلامی کاڵاکانیان فراوانتر بکەن. هەروەك تێبینیکراوە، پێشتر لەهەر وڵاتێکدا قەیران هەبوویێت بەکارهێنەرانی میدیاش زۆرتر بوون و زیاتریش بۆ دەستکەوتنی زانیاریی میدیاکانیان بەکارهێناوە، بەڵام لەسەروەختی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩دا، وەرگر هەر بەتەنها بەدوای زانیارییدا نەگەڕاوە، بەڵکو هەبوونی کاتی زۆر و دابڕان و مانەوە لەماڵەوە هەلی زیاتری بە بەکارهێنەرانی میدیاو بەرزبوونەوەی بەهای میدیاییش بەخشیوە. لەگەڵ ئەو هەموو گەشەسەندن و بەها بەرزبونەوەیەشدا، چەندین ئاڵنگاری (challenge)یش دروستبوون، چونکە پێویستیی خاوەن کاڵا و میدیاکان بۆ داهات و پارە بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام لەلایەك و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان لەلایەکی دیکەوە بۆ وەرگر و بەکارهێنەرانی میدیا بابەتێکی زۆر هەستیارە. بەتایبەت هەندێك بابەتی وەك یاری وەرزشیی و ئۆڵمپیادە وەرزشییەکان بەهۆی خۆپارێزیی لەکاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ دواخراونو ئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی بۆشایی لە میدیاکاندا. هەربۆیە بەرهەمی میدیایی زیاتر بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو بۆشاییە میدیاییە دەبێتە پێویستی. بەهۆی جیهانیبوونی پەتاکە و زۆربوونی رێژەی بەکارهێنەرانی میدیای جیهانیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی و رێنمایی نوێ لەبارەی پێشهات و گۆڕانکارییەکانی پەتاکەوە، وایکردووە بەکارهێنەر یان وەرگری هەواڵی ناوخۆیی کەمتربێتەوە و ئاڵنگاریی بۆ بازاڕو خاوەن کاڵاو میدیاکان دروستبکات، بەتایبەتی

---

[١] سەرچاوەی پێشوو.

[٢] HALL, S, LI, C, 2020. COVID-19 proves that media's value is growing – but we need to find better ways to measure it, [online]. *World Economic Forum*, (02 April). Available at: https://www.weforum.org/agenda/2020/04/covid-19-media-value/ [Accessed on 17 April 2010]

لەرووی دارایی و ئابورییەوە. ئەوەش وادەکات بیر لە رێگەیەکی باشتر بۆ پێوانەکردنی ئەو وەرگرانە بکرێتەوە، چونکە ئەگەر لەجیهاندا پارەدانی ریکلام بەپێی ژمارەی وەرگران و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشدا بەپێی ژمارەی لایکی پۆستەکان بێت، ئەوا ناتوانرێت بەهەمان ئەو پێوەر و برە پارەیەی پێش کۆڤید-١٩، وەرگر و بەکارهێنەری میدیا بپێورێت و لەبەرامبەر سەیرکردن و بەکارهێنانی ریکلامەکاندا پارەی لێبسەنرێت. بەتایبەت ئێستا جیهانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی، بازاڕ و فرۆشتنی بەشی زۆری کاڵاکان داڕماوەو خاوەن بەرهەمەکان، ناتوانن پارەی ئەو برە زۆرەی وەرگران بۆ سەیرکردنی ریکلامی کاڵاکانیان بدەن.[١]

**٢,٢: ریکلام و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی:**

دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر کەرت و کایە جیاوازەکان، وایکرد کەرتی راگەیاندن و بازاڕگەری (media and marketing)ش بیر لە جۆر و چۆنایەتیی بەرهەمهێنانی پەیامی هەمەچەشنەی میدیایی و بڵاوکردنەوەی بکاتەوە. بەدیارییکراویش پەیامی ریکلامیی کە بۆ زۆر کۆمپانیای بەرهەمهێنان و کەناڵی میدیایی، بووەتە سەرچاوەی داهات و دارایی، لێرەشەوە دەکرێت بپرسرێت: ئایا جگە لە ریکلام، دەبێت باشترین پەیام چی بێت بۆ خاوەن بازاڕو کۆمپانیاکان، کاتێك کە بیانەوێت گەشەی ئابوریيان خێراتر بکەن.[٢] هەڵبەت لەم نێوەندەشدا، ئەگەر ریکلام مەبەست لێی شێوازێك لەشێوازەکانی پەیوەندییکردن بێت لەنێوان نێرەر و وەرگردا، ئەوا نێرەر دەیەوێت پەیامەکەی (سیاسی، بازرگانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی.....تد) بەلایەنی بەرامبەر بگەیەنێت و قەناعەتی وەرگرتنی لەلا دروستبکات، بەهەمانشێوەش لەریکلامی بازرگانییدا، ئامانج ساغکردنەوەی کاڵاکانە تاوەکو کڕیاری بۆ پەیدا بکرێت.[٣] بەتایبەت ئێستا ریکلام وەك هێمایەکی دیاری ژیانی ئابوریی لە رێگەی تەلەڤزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، پۆست، کۆمپیوتەرو زۆر چەشنی دیکەی میدیای کۆن و نوێ و لەنێویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگاتە وەرگران. لێرەشەوە، خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام نابێتە جێی سەرسوڕمان، ئەگەرهاتوو قەبارەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو، چونکە ئامانجی ریکلام، قەناعەتپێکردنی بەرامبەرە، ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە بووەتە تێڕوانینی باوی ئابورییناسان لەنیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا.[٤] هەربۆیە ئابورییناسێکی وەك پیتەر (٢٠٠٨)، دووپاتیدەکاتەوە کە ریکلام کاریگەری ئەرێنیی لەسەر ساغکردنەوەی بەرهەمەکان هەیە، چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبرکێ لەبازاڕدا، ئەمەش کاریگەریی لەسەر

(1) Ibid.

(2) CALLAHAN, F. X., 1986. Advertising and economic development. International Journal of Advertising, 5(3), Pp.32.

(3) ASHLEY, R., GRANGER, C. W. J., & SCHMALENSEE, R. 1980. Advertising and aggregate consumption: An analysis of causality. Econometrica, 48(5), Pp.23

(4) KALDOR, N., and SILVERMAN, R., 1948. A Statistical Analysis of Advertising Expenditure and of the Revenue of the Press, Cambridge, England: University Press, Pp. 01 and 12.

کارگەکان دەبێت بۆ زیاتر و باشتر بەرهەمهێنان و بەوەش ئاستی فرۆشتن زیاددەکات. هەروەها دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریی لەسەر کاڵاکان و کڕیاران باشتر کاڵاکان دەناسن. بەوهۆیەشەوە، خواست و داواکاریی لەسەر کاڵاو بەرهەمەکان زیاد دەکات و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی فرۆشتنیش، خواست لەسەر کاڵاکان زیاتر دەبێت و زووتر بەرهەمەکان ساغدەبنەوە، بەوەش بڕی تێچووی دروستکردنی بەرهەمەکان کەمدەبێتەوە. هەروەها بەکاربەر و کڕیار زیاتر دەبن و داهێنان لە جۆرایەتیی و چەندایەتیی بەرهەمەکان زۆرتر دەبێت کە ئەوەش لە دەرئەنجامی ئەو زانیارییانەی بە کڕیاران دەدرێن و ئەو کێبڕکێییەی لەبازاڕدا دروستبووە.[(١)]

لە ڕۆژگاری هاوچەرخی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زیرەك و بەکارهێنانی بێسنوری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، "گەیاندن (Communication)و کایە بەرفراوانەکانی ڕاگەیاندن زامنی شوشەییبوونی گەردونو پێکەوە گرێدانی جەمسەرەکانی باکورو باشوری گێتین. بەدیوێکی دیکەشدا، ناوەندێکی لەباری ڕوکاری جیهانگیریو سڕینەوەی سنورەکان و ئاوێزانبوونی کۆمەڵگاو کولتورە جیاوازەکانیشن."[(٢)] هەربۆیە لەنێو هەر پرۆسەیەکی دوولایەنەی گەیاندندا، پەیام بە یەکێك لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی پرۆسەکە دادەنرێت کە نێرەر مەبەستییەتی لەڕێی نێوەندێك یان کەناڵێکەوە لە کات و شوێنی دیارییکراوداو بە بەکارهێنانی زمانی هاوبەش بیگەیەنێتە وەرگر و کاریگەریی لەسەر دابنێت. ئەوەیش، بە لەبەرچاوگرتنی هەریەك لەڕەگەزەکانی دابونەریت، ڕەگەز، تەمەن، جوگرافیا، مێژوو، ئایین، جۆری ژیان، ئاستی خوێندەواریی و هۆشیاری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیا و قەوارەی جەماوەر دەبێت.[٣] واتە پەیام کە سێکوچکە بنەڕەتییەکەی لە ناوەڕۆك، بونیات و شێواز پێکدێت، هێند گرنگە کە نەبوونی دەبێتە هۆی ناتەواویی پرۆسەی گەیاندنو هەڵوەشاندنەوەی ئامانجە سەرەکییەکانی.[٤] هەربۆیە، پێویستە پەیامی میدیایی قەناعەتپێکەری ریکلامی، بۆ سەلماندنی بیرۆکەکان و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی بەڵگەی پشتڕاستکراوە بگرێتەخۆ و پشت بەوردیی ئامرازەکانی قەناعەتپێکردن و ڕوونیی پێشکەشکردنیان ببەستێت، چونکە ناوەخنی پەیامی قەناعەتپێکەر لەسەر پرس و خواست و هەڵوێستێکە کە لەلایەن نێرەری پەیامەکەوە ئاڕاستەی وەرگری پەیامەکە دەکرێت و هەوڵی دابینکردنی داخوازییەکانیو قەناعەتپێهێنانی دەدات.[٥]

---

(١) نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، هونەری ریکلامکردن و ریکلامسازی، چاپی یەکەم، سلێمانی، سەنتەری سارا، ٢٠٢٠، ل٥٠.

(٢) شوان ئادەم ئەیڤەس، کوردو پرۆسەی گەیاندن، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا، ٢٠٠٥ ، ل٢٨-٣٤.

(٣) هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیر، ٢٠٠٢، ل١٨.

(٤) د.عبداللة الطويرقي، علم الاتصال المعاصر، الطبعة الثانية، الرياض، مكتبة العبيكان، ١٩٩٧، ص١٦٩.

(٥) حيدر فالح زايد، ٢٠٢٠: اعداد الرسائل الاقناعية في وسائل الإعلام للحد من فايروس كورونا، ورقة بحثية من جامعة ذي قار-كلية الاعلام، [اونلاين]. Researchgate (١٥ ادار). متوفر عند: https://www.researchgate.net/publication/340133953_alrsayl_alaqnayt_fy_wsayl_alalam_fayrws_kwrwna [تم الوصول إليه في: ١٢ أبريل ٢٠٢٠].

لەم نێوەندەشدا، هەماهەنگیی نێوان کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلام و کۆمپانیا میدیاییەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام، گرنگ و چارەنووسازە.

**٣,٢: ریکلام و داهاتی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەهەرێمی کوردستاندا:**

ئەگەرچی سەرچاوەکانی مانەوە و بەردەوامیی میدیای کوردیی بەگشتیی و لەنێویشیاندا تەلەڤزیۆنەکان بەتایبەتیی زۆر روون و ئاشکرانین، بەڵام سەرچاوە زانستییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشێوەیەکی گشتیی سەرچاوەکانی داهات و دارایی میدیاکان دەگەڕێنەوە بۆ هەریەك لە فرۆشی ریکلام، فرۆشی بەرهەمی میدیایی، فرۆشی راستەوخۆ، پشتگیریی حزب، پشتگیریی حکومەت، پشتگیری رێکخراوە ناحکومیی و نێودەوڵەتییەکان، کورتەنامەو دەنگدانی جەماوەر، بەخشین، بەرتیل و داهاتی نادرووست، هاوبەشییکردنی جەماوەر و پارەدانی جەماوەر بەئایتمێکی دیارییکراو.[١]

بەپێی مادده ١١٧ی دەستوری هەمیشەیی، هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆی زۆرینە کوردنشینەو دەکەوێتە باکوری کۆماری فیدراڵیی عێراقەوە، خاوەنی کەسایەتی یاسایی و مەعنەویی خۆیەتی[٢]. لەو هەرێمەدا، هەریەك لە دەسەڵاتەکانی راپەڕاندن (حکومەت)، یاسادانان (پەرلەمان)، دادوەریی لەگەڵ دەسەڵاتی مەجازیی میدیا؛ بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی لێکجیاکراونەتەوە کە زۆرتر لەژێر هەژموونی سەرکردە سیاسییەکان و حزبەکانیاندایە. هەریەك لەوانەیش کەمترین ئاستی سەربەخۆیی و پیشەییبوونی خۆیان پاراستووە، بەتایبەت لەسەروەختی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، ململانێی سیاسیی و قەیرانە جۆربەجۆرەکاندا[٣]. ئەوەیش وایکردووە خاوەندارێتییکردنی گشتیی میدیاکان و تەلەڤزیۆنەکان بەتایبەتیی و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلامیش زۆرتر بەسەر ئەو ئایدۆلۆژیا و حزب و کەسایەتیانەدا دابەش ببێت کە لەبەکارخستن یان پەککەختنی جوڵەی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا بەرپرسن. هەربۆیە هاوشێوەی قەیرانە جۆربەجۆرەکانی دیکە، لەگەڵ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی پەتایەکی جیهانیی وەك کۆڤید-١٩دا، بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی ریکلام بەسەر چەند پۆلێکدا دابەشبوون:

پۆلی یەکەم؛ ئەو دامەزراوە میدیایی یان کەناڵە تەلەڤزیۆنانەن کە سەرچاوەی داهات و داراییان راستەوخۆ پشت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام نابەستێت. زۆرتر لەرێی ئەو حزبانەوە پشتگیریی دەکرێن کە بەشێوەیەکی فەرمیی خاوەندارێتییان دەکەن. بۆنموونە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، گەلی کوردستان، پەیام و سپێدە. پۆلی دووەم؛ ئەوانەن کە لەلایەن کەسایەتییە سیاسیی

[١] نەزاکەت حسێن حەمەسەعید، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

[٢] بڕوانە دەستوری عێراق لەرێی ئەم بەستەرەوە:

https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=ar

[3] AIVAS, SH, A., 2017. Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. Ph.D thesis, Nottingham Trent University. P.5.

یان بازرگانەکانەوە پشتگیریی دەکرێن، ریکلام بووەتە بەشێك لەسەرچاوەی داهاتیان. بەهۆی نزیکیی کۆمپانیاکان لەخاوەنی میدیاکەو بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیان لەویٚ وایکردووە زۆر پرۆگرام و تەنانەت هەواڵەکانیش پشتگیریی دارایی (sponsor) بکرێن، بۆنموونە کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تی، کوردستان٢٤ و رووداو. واتە قەیران و پەتا و نەخۆشیی هەبێت یان نەبێت ئەوان پەکیان ناکەوێت و هەبوون و نەبوونی ریکلام نابێتە هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامییان. پۆلی سێیەم؛ زیاتر ئەو کەناڵ و میدیا ناوچەییانە دەگرێتەوە کە زۆرتر وەك پرۆژەیەکی بازرگانیی خۆیان ناساندووە. ئامانجیان ئەوەیە کە داهاتی ریکلام سەرچاوەی سەرەکیی بەردەوامبوون و مانەوەیان بن، بەڵام ئەمانە کەمینەیەکن و لەگەڵ هەر کەمبوونەوەیەکی جوڵەی بازاڕدا کار لەسەر جوڵەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامی ئەوانیش دەکات. بۆنموونە، کەناڵە زەمینییەکانی فاڵکۆن.

## ٣. بەشی سێیەم: کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوە

لەم بەشەدا و لەرووی کردەییەوە، سەرجەم ئەو رێکاریانەی بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەدەستهاتوون، دەخرێنەڕوو. لەو چوارچێوەیەشدا، پاشخانی پیشەیی و ئەکادیمیی توێژەران و کەڵەکەبوونی ئەزموون و سەرنجدانیان لەسەر ئەو بابەتەی توێژینەوەیان لەبارەوە کردووە، هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو لە ئاسان دەستگەیشتن بە بەرتوێژان و کۆکردنەوەی داتاکان. بەتایبەت لەم توێژینەوەیەدا، ئەزموونی رۆژنامەوانیی و مامۆستایی توێژەران هۆکارێکی سەرەکیی بوو لە دەستنیشانکردنی کێشەی بنەڕەتیی توێژینەوەکە و تێبینیکردن لەسەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامی تەلەڤزیۆنیی و ئاست و ئاستەنگەکانی بەردەمی و کۆی ئەو هەڵمەتە میدیاییەی لەهەرێمی کوردستاندا بۆ خۆپارێزیی و بەرگرتن لە پەتایەکی جیهانیی وەك کۆڤید-١٩ کران و دەکرێن.

### ١,٣: داتاکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ئەنجامەکانیان:

رێبازەکانی توێژینەوەی زانستیی و جۆرە بەکارهێنراوەکانی و چۆنیەتی ئەنجامدانیان لێرەدا دەخرێنەڕوو، پاشان لە رێی خشتە و داتای کۆکراوەی بەرتوێژانەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ئەنجامانە دەکرێن کە لەرێی هەریەك لەرێبازەکانەوە بەدەستهاتوون. مشتەی توێژینەوەکە، لەو ٩٨ فۆرمە دروستەی لە راپێوییەکە مانەوە لەگەڵ ئەو چوار چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و ئەو سێ چاوپێکەوتنەی لەگەڵ بەڕێوبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییە زەمینیی و ئاسمانییەکاندا کران، خشتەی وەڵامەکانی پرسیارەکان ئامادەکران و لێرەشەوە شیکردنەوە بۆ داتا بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە دەکرێن. لەسەرەتاشدا، زانیارییە کەسییەکانی بەشدارانی راپێوییەکە یاخود رۆژنامەوانان لەرێی خستنەڕووی خشتەی پرسیار و وەڵامە کەسییەکان و دواتریش خشتەی پرسیارو وەڵامەکانی راپێوییەکە بەشێوەی نووسین و چارت شیدەکرێنەوە. پاشتر لەسەر بنەمای وەڵامی بەربژێران لەکۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و تەلەڤزیۆنە کوردییەکان، هەڵسەنگاندن بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەکرێن.


### ١,١,٣: راگەیاندنکار و رۆژنامەوانان و شیکردنەوەی داتاکان:

بەمەبەستی زانینی پاشخانی کەسیی راگەیاندنکار و رۆژنامەوانان لەرووی جێندەری، زانستی، تەمەن، ئەزموونی رۆژنامەگەریی و شوێنی کارکردنیان لەنێو چەشنە جیاوازەکانی میدیای دێرین و نوێ، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی تایبەتییان لەسەر بیرۆکەی سەرەکیی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی کۆمەڵی توێژینەوەکە لە هەموو راگەیاندنکار و رۆژنامەوانانی کوردی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان کرانە بەرتوێژ؛ بۆئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی رووپێوی ئەم توێژینەوەیە بدەنەوە.

**١,١,١,٣: زانیارییە کەسییەکان:**

خشتەی ژمارە ٠١، نیشانی دەدات کە زۆرینەی بەشدارانی راپێوییەکە کە دەکاتە ٧٩,٦% لە رەگەزی نێر و ٢٠,٤%یش لە رەگەزی مێ_ن. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەرووی جێندەرییەوە، هەردوو رەگەز بوونەتە بەرتوێژی توێژەران و بەوەڵامدانەوەی هەڵبژاردەی پرسیارەکان، بەشدارییەکی کارایان لە بەرهەمهێنانی داتاکانی ئەم توێژینەوەیەدا کردووە.


**خشتەی ژمارە ٠١: رەگەزی بەشداران**




لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی رێژەی بەشدارییکردنی هەردوو رەگەز دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەلایەك. لەلایەکی دیکەوە، کەمیی ئارەزووی بەشدارییکردنی رەگەزی مێینە لە کەرتی گشتیی و کایەی رۆژنامەوانیی و سنورداریی ئاستی بەشدارییکردنیان لە وەڵامدانەوەی راپێوی لەبارەی پرسە میدیاییەکانەوە. ئەوە جگەلەوەی کە لەرووی کولتورییەوە، هێشتا هەندێ لەخێزانەکان رێگە بە کچ و ژنەکان نادەن بەشداریی کاری رۆژنامەوانیی بکەن و لەنێو دەزگا میدیاییەکاندا بمێننەوەو کاربکەن. هەندێکیان تا پێش ژیانی هاوسەریی رێگەی کارکردنیان پێدەدرێت؛ دوای ئەوە سەرقاڵی ژیانی خێزانیی و بەخێوکردنی منداڵ دەبن و لەکار و پیشەکانیان دووردەکەونەوە، جا بەخواستی خۆیان بێت یان ناچاربکرێن.


لەخشتەی ژمارە ٠٢دا، رێژەی ٤٠,٨%ی بەشداران تەمەنیان لەنێوان ٢٦_٣٣ساڵە. ئەوەش دەریدەخات کە توێژێکی زیندوی هەرێمی کوردستان زۆرترین رێژەی بەشدارانی راپێوییەکە پێکدەهێنن. بەدوای ئەواندا، گروپی تەمەنی ٣٤ساڵ و بەرەو سەر؛ لە ریزبەندی دووەمدان بە رێژەی ٣٧,٨% دێن. کەمینەیەکیش رێژەی ٢١,٤%ی گروپی تەمەنی ١٨_٢٥ساڵ پێکدەهێنن کە بە لاوترین گروپی بەربژێران هەژماردەکرێن.

خشتەی ژمارە ٠٢: تەمەنی بەشداران




بەپێی خشتەی ژمارە ٠٣، ئاستی خوێندنی دیارترین توێژی بەشدارانی راپێوییەکە کە دەکاتە ٣٩,٨% لە دەرچوانی زانکۆو خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس-ن. لەپلەی دووەمدا و بە ڕێژەی ٣١,٦% دەرچووانی پەیمانگا و هەڵگرانی بڕوانامەی زانستیی دیپلۆمی دووساڵەی دوای ئامادەیین. لەپلەی سێیەمیشدا، هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی لە پۆلی ١٠ تاوەکو ١٢ بە ڕێژەی ١٥,٣% دێن. واتا بەهەردووکیان، نزیکەی ٤٦%ی بەشداران لەهەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی و دیپلۆمی دووساڵەن کە ئەوەش لەڕووی ئابوورییەوە بە هێزی کاری کارامەی نێوەند هەژمار دەکرێن. بەدوای ئەوانیشدا، هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بە ڕێژەی ٨,٢% دێن. هەروەها ٤,١%ی بەرتوێژان ئەوانەن کە قۆناغی بنەڕەتیی پۆلی ٠١ تاوەکو ٠٩یان خوێندووە، بەتەنها ٠١% خاوەن بڕوانامەی دکتۆران.


خشتەی ژمارە ٠٣: ئاستی خوێندنی بەشداران



ئەوەی تێبینیدەکرێت، ڕۆژنامەوانە بێبڕوانامەکان بەشداریی ڕاپێوییەکەیان نەکردووە و نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی بچووکترین ڕێژەی سەدی. ئەگەرچی بەشێك لەڕۆژنامەوانە دیارەکانی هەرێمی کوردستان بەهەر هۆکارێك بێت نەیانتوانیوە ببنە خاوەن بڕوانامەیەکی دیارییکراو، بەڵام ٩%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکە خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، ئەمەش ڕێژەیەکی نوێیە کە لەنێو میدیاکاندا کاردەکەن و دەکرێت بەرەخساندنی ژینگەیەکی لەباری ئازادیی کارکردن ببنە هێزێکی گوشاری مژدەبەخش بۆ ڕاستکردنەوەی زۆر هەڵەی ئیتیکیی و یاسایی میدیا و میدیاکاران کە زۆرجار بەهۆی نەشارەزاییانەوە تێیدەکەون. بەدەربڕینێکی دیکە، بەهۆی بەرزی ئاستی ڕۆشنبیریی و بڕوانامەکانیان دەکرێت وەڵام و ئەنجامی پرسیارەکانی دواتر زیاتر بەهەندوەربگیرێن، چونکە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی توێژە خوێندەوار و بڕوانامەدارەکەی هەرێمی کوردستانن.

خشتەی ژمارە ٠٤، ئەوە دەردەخات کە ٥١%ی بەشداران ١١ساڵ و زیاتر، ئەزموونی ڕۆژنامەوانییان هەیە و قاڵبووی بوارەکەن. هەربۆیە بۆچوونەکانیشیان ڕەنگدانەوەی بەریەککەوتنی پیشەیی و ساڵانی کردەیی کارکردنیانە. هاوکات ٤٩%ی دیکەی بەشداران لەوانەن کە ئەزموونیان لەنێوان ٠٢_١٠ساڵە لەبواری ڕۆژنامەوانییدا. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەگەرچی ساڵانی خزمەتیان جیاوازە، بەڵام هەموو بەشدارانی ڕاپێوییەکە خاوەن ئەزموونن.

**خشتەی ژمارە ٠٤: ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی بەشداران**





هەڵبەت ئەوانەی کە ئەزموونی کارکردنیان لەیەك ساڵ کەمترە، لە سەرەتادا وەڵامەکانیان وەرگیران و ڕێژەکەشیان ٠٥%ی کۆی بەشداران بوو، بەڵام توێژەران گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە لەساڵێك کەمتر کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، ئەزموونێکی زۆر نییە و ناتوانن ئاگاداری وردەکارییە پیشەییەکان بن. بەتایبەت ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە خاوەندارێتیی میدیاکان و پەیداکردنی سەرچاوەی داهات و داراییان. هەربۆیە لەنێو ڕووپێوییەکە دەرهێنران و وەڵامەکانیان ڕەتکرانەوە.

خشتەی ژمارە ٠٥، نیشانی دەدات کە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرینەی بەشدارانی ڕاپێوییەکە کە

دەکاتە ٣٤,٧% دەکەونە پارێزگای سلێمانییەوە و بەدوای ئەویشدا پارێزگای دهۆك دووەم گەورەترین بەشدارانی راپێوییەکەن بەرێژەی ٣٣,٧%. لەپلەی سێیەمیشدا پارێزگای هەولێر دێت بەرێژەی ٢٥,٥% و ئیدارەی راپەڕین بەرێژەی ٣%. لەو نێوەندەشدا، کەمترین رێژە بەر هەریەك لە پارێزگای هەڵەبجە بەرێژەی ٢% و ئیدارەی گەرمیان بەرێژەی ١% دەکەوێت.

**خشتەی ژمارە ٠٥: شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداران**





هەرچەندە توێژەران، ئامانجیان بوو رێژەی بەشدارانی راپێوییەکە لەهەر چوار پارێزگا و دوو ئیدارە سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستاندا تارادەیەك وەکیەك بن یاخود لەیەکەوە نزیك بن، بەڵام بەهۆی بە سپێتیی بەجێهێشتنی وەڵامەکان و هەڵەی تەکنیکیی و کەموکورتیی لەوەڵامدانەوەی هەندێ لە برگەکانی پرسیارەکاندا یاخود بەهۆی لابردنی وەڵامی ئەوانەی یەك ساڵ کەمتر ئەزموونی کارکردنیان هەبوو، زیاتر لە ٥٠ فۆرم کە زۆرینەیان لەپارێزگاکانی دهۆك و هەولێرەوە بوون، رەتکرانەوە و توێژەران هەژماریان نەکردن. لەپارێزگەی هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕینیشەوە، رێژەی وەڵامدانەوە و بەدەنگەوەهاتن زۆر کەم و سنوردار بوو کە ئەوەش دەشێت بەهۆی کەمیی ئینتما بۆ پارێزگا و ئیدارە نوێ و سەربەخۆکان یان دوورەدەستیی و سنورداریی ئاستی دەستگەیشتن بەسەرچاوەکانی ئینتەرنێت بێت. هەربۆیە، تارادەیەك جیاوازیی و نایەکسانیی لەسنوری جوگرافیی بەشدارانی توێژینەوەکەدا بەدیدەکرێت.

لەخشتەی ژمارە ٦دا، زۆر بە روونیی ئەوە دەردەکەوێت کە شوێنی کارکردنی نیوەی بەشدارانی راپێوییەکە لەنێو میدیای بینراو یان تەلەڤزیۆنەکاندایە، جا زەمینیی بن یاخود ئاسمانی. بەدوا ئەویشدا، ٢٤,٥%ی بەشداران لە میدیای ئەلکترۆنییدا کاردەکەن. لەپلەی سێیەمیشدا، میدیای نووسراو دێت کە رێژەکەی ١٣,٣%٥. لەدواتریشدا، هەریەك لە میدیای بیستراو بە رێژەی ٧,١% و بەشی راگەیاندنی فەرمانگە حکومییەکان بە رێژەی ٥,١% دێن. واتە بەکۆی گشتی، ٩٥% زیاتری بەشداران ئەوانەن کە لە یەکێك لەمیدیاکاندا کاردەکەن و بەکردەیی رۆژنامەگەری؛ پیشەیانە. ئەوەش ئەوە

دەگەیەنێت کە وەڵامەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیانی پیشەیی ڕۆژانەیانە.


**خشتەی ژمارە ٠٦: شوێنی کارکردنی بەشداران**




### ٢،١،١،٣: بەردەوامیی کۆڤید-١٩ و کاریگەریی لەسەر جێگرەوەی داهاتی ڕیکلام:

خشتەی ژمارە ٠٧، ئەو بۆچوونە باوە بەربڵاوە دووپاتدەکاتەوە کە ٤٢،٩%ی بەشدارانی ڕاپێوییەکە لەوەدا "هـاوڕان" کە درێژەکێشـانی پەتـای کۆڤیـد-١٩و نـوێکردنەوەی مـاوەی قەدەغەی هـاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا، میدیا کوردییەکان ناچار دەکات بەدوای ڕێگەی دیـکەی داهـات پەیداکردنـدا بگەڕێن.

**خشتەی ژمارە ٠٧: بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ،میدیاکان ناچاردەکات بەدوای ڕێگەی دیکەی داهات پەیداکردندا بگەڕێن**





ئەوەی لێـرەدا زۆرتـر سەرنجڕاکێشـە ئەوەیە کە هەریەك لەوانەی "بە تەواوی هـاوڕان" لەگەڵ ئەوانەی "هاوڕانین"، بەشێوەیەکی یەکسـان و هەریەکەیـان ڕێـژەی ١٦،٣%ی بەشـداران پێکـدەهێنن. لەپلەی سێیەمیشدا، ئەوانەی لەو بۆچوونە "دڵنیانین" بەرێـژەی ١٤،٣% دێـن، بەڵام ئەوانەی کە "تەواو هاوڕا نین" ڕێژەکەیان لە ١٠،٢% تێناپەڕێت.

لێرەدا، ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی بەشداران کە دەکاتە ٥٩,٢% لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوەدان و کەمینەیەکیش کە دەکاتە ٤٠,٨% لەگەڵیدا نین. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بۆچوونەکان لەوبارەوە کۆك و تەبانین، چونکە سەرچاوەی داهاتی هەموو میدیاکان هەر بەتەنها پشت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام نابەستێت.

### ٣,١,١,٣: کاریگەری کۆڤید-١٩ لەسەر بەرهەمهێنانی ریکلام:

خشتەی ژمارە ٠٨، جەخت دەکاتەوە لەوەی ٤٣,٩%ی بەشدارانی راپێوییەکە "تەواوهاوڕان" لەو بۆچوونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلامی کوردیی بۆ کاڵا و شمەکەکان هەیە.

**خشتەی ژمارە ٠٨: پەتای کۆرۆنا کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلامی کوردیی بۆ کاڵا و شمەکەکان لەهەرێمی کوردستاندا هەیە**





ئەوەش بۆچوونی زۆرینەی بەشدارانە و ٤١,٨%یش "هاوڕان" لەگەڵیاندا. لەو نێوەندەشدا، ٩,٢% "دڵنیانین" لەو بۆچوونەو بەپێچەوانەشەوە، کەمینەیەك لەبەشداران کە دەکاتە ٣,١% "هاوڕانین" و ٢%ش "تەواوهاوڕانین". لێرەشدا، جیاوازیی ئەو رێژانە دەبێتە سەلمێنەری بنەمای ئابوریی خستنەڕوو و خواستن (عرض والطلب)، چونکە ئەگەر هیچ دەرفەتێکی چوونەدەرەوە و جوڵەی هاتوچۆنەبێت بۆ خستنەڕووی بەرهەم و کاڵاکان، ئیتر خواستن و داواکارییش لەسەریان زۆر نابێت. بەوەش کۆمپانیا بازرگانییەکان نە بەدوای بەرهەمهێنانی ریکلامەوە دەبن نە بەشیاویشی دەزانن لەو دۆخەدا ئەگەر ریکلامیشیان هەبێت بڵاوی بکەنەوە.

### ٤,١,١,٣: کاریگەری کۆڤید-١٩ لەسەر داهاتی فرۆشتنی ریکلام:

بەپێی خشتەی ژمارە ٠٩، زۆرینەی بەشداران و ٤٥,٩%ی راپێوییەکە، "هاوڕان" لەگەڵ ئەو

بۆچوونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لەهەرێمی کوردستاندا کاریگەریی لەسەر ئاستی داهاتی فرۆشتنی ریکلامی نێو میدیا کوردییەکان هەیە. ئەوەش بۆچوونێکە، ٢٨,٦%ی بەشداران "تەواوهاوڕان" لەگەڵیدا، بەڵام ١٤,٣% "دڵنیانین". بەپێچەوانەوە، ٨,٢%ی بەشداران لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا "هاوڕانین"و ٣,١%یش "تەواوهاوڕانین". لەو ژمارانەوە، ئەوە دەسەلمێنرێت کە پەتایەکی جیهانیی وەك کۆڤید-١٩ کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بەشێك لە میدیا کوردییەکان هەیە، چونکە فرۆشی ئەو ریکلامانەی چاپ و بڵاویان دەکەنەوە، سەرچاوەی داهاتیانە و کەم و زیاد لەو داهاتەدا دەبێتەهۆی ناچارکردنی خاوەنی میدیاکان بۆ گرتنەبەری هەندێ گۆڕانکاریی کە رەنگە زۆرجار بەقازانجی سەرچاوەی مرۆیی و جۆرایەتی میدیاکە نەکەوێتەوەو ئەوەش کار بکاتە سەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی پەیامی میدیایان.

**خشتەی ژمارە ٠٩: پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئاستی داهاتی فرۆشتنی ریکلامی نێو میدیا کوردییەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە**





**٥,١,١,٣: کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر دارایی و داهاتی میدیاکان:**

خشتەی ژمارە ١٠، ئەوە نیشان دەدات کە ٣٤,٧%ی بەشداران، "هاوڕان" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەریی لەسەر میدیا کوردییەکان هەبووە و بوەتەهۆی دروستبوونی گرفتی دارایی و کەمکردنەوەی داهاتیان. ئەو بۆچوونەش، لەلایەن ٣١,٦%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەکرێت و "تەواوهاوڕان" لەگەڵیدا. واتە بەهەردووکیان، بەرێژەی ٦٥% و زیاتر کۆدەنگیی لەسەر راست و دروستیی ئەم بۆچوونە هەیە. لەو نێوەندەشدا، ٢٢,٤% "دڵنیانین" و بەپێچەوانەشەوە، ٦,١%ی بەشداران، "هاوڕانین" و ٥,١%یش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا "تەواوهاوڕانین".

لێرەشەوە دەردەکەوێت کە بۆچوونی زۆرینەی بەشدارانی ئەم راپێوییە پێچەوانەی ئەو راستییە بەربڵاوەیە کە زۆرینەی میدیا کوردییەکان لەلایەن حزبە سیاسییەکان یاخود بەرپرسان و کەسایەتییە پلەدارە حکومییەکانەوە خاوەندارێتیی دەکرێن و ئەوان سەرچاوەی دابینکردنی داهات و دارایی

میدیاکانیانن، هەربۆیە کەم و زۆری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەریان نابێت. ئەمەش بەئاشکرا لەوەڵامی بەرتوێژانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

**خشتەی ژمارە ١٠: پەتای کۆرۆنا بوەتە هۆی دروستبوونی گرفتی دارایی و کەمکردنەوەی داهاتی میدیا کوردییەکان**





**٦،١،١،٣: کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر خەرجییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردیەکان:**

بەپێی خشتەی ژمارە ١١، زۆرینەی بەشداران و ٣٩،٨%ی راپێوییەکە "هاوڕان" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەریی لەسەر سنوردارکردن و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە. ئەو بۆچوونەش لەلایەن ١٥،٣%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەکرێت و "تەواو هاوڕان" لەگەڵیدا. لەم نێوەندەدا ئەوەی جێی پرسیارە، وەڵامی ٢٧،٦%ی بەشدارانی راپێوییەکەیە کە یەکلایی نەبوونەتەوەو "دڵنیانین" لە راستیی و ناڕاستیی ئەو بۆچوونە لەسەر زەمینی واقیع. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ١١،٢%ی بەشداران "هاوڕانین" و ٦،١%ش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا "تەواو هاوڕانین". جیاوازیی ئەو رێژانەش دەشێت بەهۆی ناڕوونیی بڕی تێچوو و خەرجییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و ئەو ناشەفافیەتە بێت کە لەرووی دارایی و کارگێڕییەوە پێڕەوەی دەکەن، لەبەرئەوەی زۆرجار جگەلە کەسی یەکەمی کەناڵە میدیاییەکە زۆرینەی ستافی نووسین و کارگێڕییش ئاگاداری وردەکارییەکانی داهات و دارایی کەناڵەکەیان نین. بگرە زۆرجار بەهۆی پرسیارکردن و بەدواداچوون لەبارەیەوە، هەندێ لە کارمەندەکان دەرکراون یاخود بەهۆی دروستکردنی سیناریۆکی پێشوەختە داڕێژراوەوە کارمەندی سۆراخکار، ناچار بەوازهێنان یان دەستپێلەکارکێشانەوە کراوە.(١)

(١) ئەمجۆرە نمونانە لەنێو میدیای کوردییدا کەم نین و بەربڵاون. توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، ناوی سیانی و چیرۆکی کەسیی هەندێ لەرۆژنامەنووسان و خاوەنی کەناڵەکان یان بەرێوبەرانییان لەلا پارێزراوە کە چجۆرە مامەڵەیەکی ناپیشەیی و نایاساییان لەگەڵدا کراوە.


**خشتەی ژمارە ١١: پەتای كۆرۆنا كاریگەریی لەسەر سنوورداركردن وكەمكردنەوەی خەرجییەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان هەبووە**




**٧,١,١,٣: كاریگەریی كۆڤید-١٩ لەسەر كەمكردنەوەی ریكلامەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان:**

خشتەی ژمارە ١٢، ئەو بۆچوونە باوە سنووردارە پشتراستدەكاتەوە كە ٤٩%ی بەشداران دووپاتیان كردووەتەوە، پەتای كۆڤید-١٩ لە هەرێمی كوردستاندا، كاریگەریی لەسەر سنوورداركردن و كەمكردنەوەی ریكلامەكانی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان هەبووە. ئەو بۆچوونەش، لەلایەن ٢٤,٥%ەوە پشتگیریی دەكرێت و "تەواو هاوڕان" لەگەڵیدا، بەڵام ١٦,٣%ی بەشدارانی راپێوییەكە "دڵنیانین". لەو نێوەندەشدا، ٦,١%ی بەشداران "هاوڕانین" و ٤,١%یش "تەواو هاوڕانین".

**خشتەی ژمارە ١٢: پەتای كۆرۆنا كاریگەریی لەسەر سنوورداركردن و كەمكردنەوەی ریكلامی تەلەڤزیۆنە كوردییەكان هەبووە**




لەو ژمارانەوە، لەلایەك ئەو گریمانەیە زیاتر دەسەلمێت کە زۆرینەی بەشداران کۆکن لەسەر ئەوەی لە کاتی قەیرانە هاوشێوەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و ماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، جوڵەی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن کەمتر دەبێتەوەو ئەوەش خواستی کۆمپانیاکان لەسەر دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ریکلامی شمەك و کاڵاکانیان لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا کەمدەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، هەندێ تەلەڤزیۆنی کوردیی بەهۆی دەستکەوتنی ریکلامی هۆشیاری تەندروستییەوە کە لەلایەن حکومەت و وەزارەت و فەرمانگەکانیانەوە یان رێکخراوە ناحکومییە قازانجنەویستە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەکرێن، درێژە بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام دەدەن، بەڵام بەجۆرایەتییەکی جیاوازتر لەکاتەکانی پێشوو.

**٨,١,١,٣: کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر بڵاوکردنەوەی ریکلامی نوێی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان:**

لەخشتەی ژمارە ١٣دا، ئەوە دەردەکەوێت کە ٤٨%ی بەشداران "هاوڕان" لەگەڵ ئەو بۆچووونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لەهەرێمی کوردستاندا، کاریگەریی لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوەی ریکلامی نوێی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە. ئەو بۆچوونەش، پشتگیریی ٢٤,٥%ی بەشدارانی راپێوییەکەی هەیە و "تەواو هاوڕان" لەگەڵیدا، بەڵام ١٣,٣% "دڵنیانین". بەپێچەوانەشەوە، ٩,٢%ی بەشداران "هاوڕا نین" و ٥,١%یش لەگەڵ راستیی ئەو بۆچوونەدا "تەواو هاوڕانین".

**خشتەی ژمارە ١٣: پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوەی ریکلامی نوێی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**





جیاوازیی ئەم رێژانەش، ئەوە دەسەلمێنێت کە هیچ خاوەن بەرهەم و کۆمپانیایەك ئامادەنییە ریکلام بۆ بابەتێك بکات و بڵاوی بکاتەوە کە کڕیاران نەتوانن دەستیان پێبگات و بیکڕن. هەربۆیە

راستیی ئەم داتایانە زۆرتر لەوێدا بەدەردەکەوێت کە ریکلامی بازرگانیی کەمتر و ریکلامی هۆشیاری تەندروستیی لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا زیاتر بوون لەسەروەختی قەدەغەکردنی هاتووچۆدا؛ تەنها لەپێناو خستنەبەرچاوی ناو و لۆگۆی کۆمپانیاکان بۆ کڕیاران و دانەبڕان لێیان. ئەمەش بەروونی لەوەڵامەکانی هەندێ لەخاوەنی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و بەڕێوبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا دەردەکەوێت کە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا دەخرێنەڕوو.

**٩،١،١،٣: کاریگەریی کۆڤید-١٩ لەسەر داهاتی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان:**

خشتەی ژمارە ١٤، ئەو گریمانەیە پشتڕاستدەکاتەوە کە کە ٤٨%ی بەشداران "هاوڕان" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پەتای کۆڤید-١٩ لە هەرێمی کوردستاندا، کاریگەریی لەسەر سنوردارکردن و کەمکردنەوەی داهاتی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە. ئەو بۆچوونەش، لەلایەن ٢٢،٤%ی بەشدارانەوە پشتگیریی دەکرێت و "تەواو هاوڕان" لەگەڵییدا، بەڵام ١٤،٣% "دڵنیانین". بەپێچەوانەشەوە، ٨،٢%ی بەشدارانی راپێوییەکە "تەواوهاوڕانین" و بەتەنها ٧،١%یش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا "هاوڕا نین".


**خشتەی ژمارە ١٤: پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر سنوردارکردن و کەمکردنەوەی داهاتی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**




ئەوەش دەیسەلمێنێت کە داهاتی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەتەنها پشت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام نابەستێت. حزبەکان و کەسایەتییەکانی ناویان و کۆمپانیاکانیان رۆڵی یارمەتیدەردەبینن لەوەی کەلێنی کەمیی ریکلام و داهاتیان بۆ پڕبکەنەوە. ئەمەش بەئاشکرا لەوەڵامی هەندێ لەبەڕێوبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا دەردەکەوێت کە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا دەخرێنەڕوو.

**١٠,١,١,٣: بەردەوامیی کۆڤید-١٩ و کاریگەریی لەسەر مانەوەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان:**
بەپێی خشتەی ژمارە ١٥، زۆرینەی بەشداران و ٣١,٦%ی کۆی راپێوییەکە "هاوڕان" لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە بەردەوامیی پەتای کۆڤید-١٩ و قەدەغەی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا، دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان. ئەوەش بۆچوونێکە، پشتگیریی بەشێکی دیکەی بەشدارانی راپێوییەکەی هەیە کە دەکاتە ١٥,٣%. لەو نێوەندەشدا و بەیەك رێژە کە دەکاتە ٢١,٤%، بەشێك لەبەشداران "دڵنیانین" و بەشێکی دیکەشیان "هاوڕانین". بەپێچەوانەشەوە ١٠,٢%ی بەشدارانی راپێوییەکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا "تەواو هاوڕانین".

**خشتەی ژمارە ١٥: بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ، دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان**




هەڵبەت جیاوازیی ئەو رێژانەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی سەرچاوەکانی داهات و دارایی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کە زۆرینەیان لەلایەن پارتە سیاسییەکان و کۆمپانیاکانیان و کەسایەتییە دیارەکانیان پاڵپشتیی دەکرێن و کەمینەیەکیشیان "مەمرە و مەژی" شەڕی مانەوەو بەردەوامیی خۆیان دەکەن کە ئەوەش ئاسان نییە بەردەوام بن لەسەری. بەپێی تێبینییەکانی توێژەران، رۆژنامەکانی "هاوڵاتی" و دواتریش "ئاوێنە" بەهۆی نەمانی ریکلام و سەرچاوەی داهات داخران و بەشێکی زۆری ستافەکانیشیان روویانکردە کەناڵەکانی رووداو و کوردستان٢٤. هۆکارێکی سەرەکیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ئەو مووچەیەی کە لەوێ وەریاندەگرت. بۆنمونە، ئەو رۆژنامەنووسەی لە رۆژنامەیەکی وەك هاوڵاتی بڕی ٥٠٠$ی وەردەگرت لەکەناڵێکی وەك رووداودا زیاتر لە ١٢٠٠$ی وەردەگرت.

### ٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و شیکردنەوەی داتاکان:

لێرەدا، شیکردنەوە بۆ وەڵامی چاوپێکەوتنی چوار کۆمپانیای تایبەتمەند بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت کە وەك مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون. ئەوەیش بەئامانجی زیاتر تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لەسەروەختی کۆڤید-١٩ لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام.

#### ١,٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و جوڵەی بازاڕ لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:

جگە لە کەمینەیەك، زۆرینەی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلامی بازرگانیی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆڤید-١٩ کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلام هەبووە. لەو رووەوە، کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەریی و ریکلام، پشتڕاستیدەکاتەوە کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتای جیهانیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا، بەدەر لە کەرتە خزمەتگوزاریی و پزیشکییەکان و بوارەکانی خۆراك و پەیوەندییکردن هەموو بوار و کەرتەکانی دیکە دووچاری جۆرێك لەوەستان بوونەوە و چوونە سوڕی متبوونی بازرگانییەوە.

> "بەرهەمهێنانی ریکلام زۆر سەختتر بووە، بەهۆی ئەوەی سەرجەم ئەو ئەکتەر و جێگایانەی ریکلامیان تیا دروستدەکرێت بەمەبەستی خۆپاراستن و لەبەر مەترسیی پەتای کۆرۆنا، رێککەوتنیان لەگەڵدا هەڵوەشێنراوەتەوە."[١]

ئەو بۆچوونە هەمووان لەسەری کۆك نین و لەلایەن کەمینەیەکی وەك کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام رەتکرایەوە و پێداگری لەسەر کاریگەرییە ئەرێنییەکانی پەتاکە لەسەر زیادبوونی بەرهەمەکانیان کرایەوە، چونکە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکەوە لەکوردستان، ئەوان ئیشی خۆیان هەر هەبووە و لە کارکردن نەوەستاون، بەڵام هۆکاری دیکە بوەتە رێگر لەبەردەم کارەکانیاندا.

> "ئیشمان زیادییکردوە نەك کەم، بەهۆی ئەوەی بەشێك لەشوێنەکان ریکلامیان دەکرد و وەکو رێنمایی تایبەت بە نەخۆشییەکە بڵاودەکرایەوە، چونکە زۆر کۆمپانیا و لایەنی حزبیی و حکومییش هەبوو، وەکو خۆبەخش کاری بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام دەکرد. ئەوەی ئێستە ئیشی ئێمە و هەموو کۆمپانیاکانی ریکلامی بەتەواوەتی راگرتووە، زیاتر بەهۆی قەدەغەکردنی هاتوچۆوە دروستبووە. ... پەتاکە ئیشی زیاتری بۆ ئێمە هێنا، بەڵام رێگریی هاتووچۆ نەیهێشتووە ئیش بکەین. هەر لەو چەند رۆژەی سەرەتای ڤایرۆسەکە کە قەدەغەی هاتوچۆ نەبوو کاری باشمان هەبوو بۆ پۆستەر و رێنمایی بڵاوکردنەوە."[٢]

---

[١] رێژوان عەبدولحەمید؛ وەك بەرێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری ریکلام لەرۆژی ١٠ی نیسانی ٢٠٢٠دا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

[٢] هەرێز فەرەیدون؛ خاوەن و بەرێوبەری کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام لە رۆژی ٠٩ی نیسانی ٢٠٢٠دا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

سەرباری ئەو بۆچوونە جیاوازانە لەسەر کاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ رێگرتن و خۆپارستن لەپەتای کۆڤید-١٩؛ کۆمپانیای ئەیدی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام دووپاتیدەکاتەوە کە ئاستی ریکلامکردنیان بەرێژەی ٢٠% بۆ ٣٠% دابەزیوەو ئێستا زۆرتر کارەکانی پێشتریان تەواودەکەن. هەربۆیە بەهیوان زووبەزوو ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئیشەکانیان تەواو بێت، چونکە بۆ ئەوان مانگەکانی ئادار تاوەکو ئابی هەموو ساڵێك بە وەرزە ئاڵتونییەکانی ریکلامکردن هەژمار دەکرێن. دواتر سستی بەخۆوە دەبینێت، ئەویش بەهۆی خەرجکردنی ئەو بودجەیەی کۆمپانیاکان بۆ ریکلام تەرخانیان کردووە.

> "وەستانی ئابوریی دونیا بەوەستانی کۆمپانیاکانو ژیانی ئابوری، هەمووی سەرچاوەکەی کرۆنایە. ئەمەش راستەوخۆ بابەتی بەرهەمهێنانی ریکلام وەکو هەموو بزنسێکی تر زەرەری لێکەوتوە. بەتایبەتی بۆئێمە راستە، کۆمەڵێك پرۆجێکتی بچوك و کەم بەئۆنلاین لە ماڵەوە دەکرێن، بەڵام بابەتەکانی ئێمە زیاتر پەیوەندیی بەڤیدۆپرۆدەکشنەوە هەیە ئەویش زیاتر پێویستی بەقەرەباڵغیی ستاف و کارمەند هەیە کە ئێمە لەم کاتەدا ناتوانین بیکەین. زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە ستراتیجی بڵاوکردنەوەی ریکلامیان هەبوو بۆ ئەوەی لە مانگی رەمەزاندا بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوەو بیانناسێنن بەخەڵك، بەجۆرێك لە جۆرەکان وەستاوە. بەگشتی، تاکە شت کە ماوە کۆمەڵك پرۆجیکتە کە ئەیکەین و ماومانە، ئەوانیش پرۆجێکتی 3Dی ئەنیمەیشن و مۆشن گرافیك یان بەشی سۆشیال میدیایە کە کۆمەلێك جموجۆڵ و چالاکی ماوە."[١]

هەروەك لەو بۆچوونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ لەسەر وەستانی جوڵەی هاتووچۆی پیادە و لێخوڕینی ئوتومبێل لەلایەن هاووڵاتیانەوە، وایکردووە جۆرە سستییەك لەدەستکەوتنی ریکلام بەکاری کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانەوە دیاربێت، بەڵام ئەمەش نەبووەتەهۆی ئەوەی بەیەکجاری لەبەرهەمهێنان بووەستن. هەروەك کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەگەرچی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەربڵاوی پەتاکە بۆتە هۆی وەستانی جوڵەی بازرگانیی و پەکخستنی لەزۆر رووەوە، بەڵام

> "ریکلام وەك کایەیەکی گرنگ لەبواری ئابورییدا بەدەر نییە لەکاریگەرییە خراپەکانی کۆرۆنا، چونکە ریکلام راستەوخۆ پەیوەندیی بەجوڵەی بازرگانییەوە هەیە. بازرگانەکان بەپێی جوڵەی بازاڕ بیر لە کردن و نەکردنی ریکلام دەکەنەوە. ئێستا لە کوردستاندا، ریکلام وەك بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە سستی تێکەوتوە، بەڵام بەتەواوی نەوەستاوە."[٢]

---

[١] دانا مستەفا؛ وەك بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای ئایدی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام لەرۆژی ١١ی نیسانی ٢٠٢٠دا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

[٢] دیاری حامد؛ وەك بەڕێوبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام لەرۆژی ١٥ی نیسانی ٢٠٢٠ وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

**٢,٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و خواستی کڕیاران لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:**

کەمبوونەوەی خواستی دروستکردنی ریکلام لەلایەن کڕیارانەوە، بەهۆی سنوردارییی جوڵەی بازاڕ، لەماڵەوە مانەوەو قەدەغەی هاتووچۆ بۆ رێگرتن لەزیاتر بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩و رێوشوێنەکانی خۆپاراستن لێی، یەکێکە لەو پرسانەی کە هەر چوار کۆمپانیا بەرتوێژەکەی ئەم توێژینەوەیە لەسەری کۆکن. لەوبارەوە، کۆمپانیای یونیك ئینجین باس لە راگرتن و بڵاونەکردنەوەی بەرهەمە تەواوکراوەکانیان دەکات کە پێنج بەرهەمی ریکلامیی تایبەت بوون بە نەورۆز و کۆمپانیای خواردەمەنیی و مانگی ڕەمەزان، "سەرجەمیان ڕاگیراون و بڵاونەکراونەتەوە."[(١)] لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمپانیای سولی میدیا ئاماژە بۆ دۆخە ناجێگیرە هاوشێوەکانی سەروەختی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ دەکات کە زۆر بەکەمیی کۆمپانیا بازرگانییەکان و خاوەن کارەکان بیر لە دروستکردن یاخود بڵاوکردنەوەی ریکلام دەکەنەوە. ئەویش لەبەرئەوەی کارەکانی ئەوان زۆرتر پەیوەندیی بە سەقامگیری ئابوریی و سیاسییەوە هەیە، هەربۆیە "لەم قەیرانی تەندروستییەی ئێستادا، هەرچەند کۆمپانیا بازرگانییەکان ریکلام دروستناکەن یاخود کەمتر بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام لایەنێکی تری گرنگ کە بریتییە لە حکومەتەکان لەپێناو هۆشیارکردنەوە و پێدانی زانیاریی بە هاووڵاتیان بیر لە دابینکردنی بودجە دەکەنەوە بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ریکلام. ئەمەش لە لایەکی ترەوە دەبێتە بازاڕگەرمییەك بۆ کۆمپانیاکانی ریکلام."[(٢)]

هۆکارێکی دیکەی کەمیی خواست لەسەر دروستکردنی ریکلامی بازرگانیی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کۆمپانیای زۆر گەورەی بازرگانی. هەروەك بەڕێوبەرانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام ئاماژەی پێدەدەن، زۆرینەی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان زۆر گەورە و پڕ داهات نین، بۆیە بەبڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دەرهاویشتەکانی، ئەو داهاتەی بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ریکلام تەرخانیان کردووە دەیوەستێنن. لەوبارەیەوە، کۆمپانیای ئەیدی میدیا باس لەو خاوەن کارانە دەکات کە پرۆژەی بچووك و ئاسانیان هەیە و حەز دەکەن لە کەناڵە جیاوازەکانەوە ریکلامی بۆ بکەن، جا لە دیجیتاڵ میدیاوە تا بە تەلەڤزیۆنەکان دەگات دەیانەوێت بەرهەمەکانیان بناسێنن و بازاڕسازیی بۆ بکەن و بەهۆیەوە کێبرکێ بکەن. بەپێچەوانەشەوە، پەتای کۆڤید-١٩ کاریگەرییەکی وا گەورەی لەسەر خاوەن شمەك و کاڵا زۆرەکان دروستکردووە کە ئێستا خەیاڵیان لای ریکلامکردن نییە و بیری لێناکەنەوە، چونکە ئەوانیش وەك بازرگانییەکانی دیکە لە داکشاندان، "راستە ئێستا بەشێك لە کۆمپانیاکانی خواردەمەنی کاریان هەیە، هەر وەکو چۆن لە کاتی جەنگ و قەیرانەکانی تریش وایە، بەڵام ئەوان حاڵەتی مارکێتینگ و ئەدڤێرتایزیان چالاك نییە تا بیر لەوشتە بکەنەوە. جگە لە کۆمەڵێك شەریکاتی پەیوەندییەکان کە ئەوانیش هەر خەتێکن، بەردەوام پێوستیان بەمارکێتین و ئەدڤێرتایزین هەیە بۆ ئەو ئۆفەرانەی کە دەیکەن."[(٣)] بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، کۆمپانیای ستارت سەنتەر

---

[(١)] بڕوانە وەڵامی ڕێژوان عەبدولحەمید بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[(٢)] بڕوانە وەڵامی دیاری حامد بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[(٣)] بڕوانە وەڵامی دانا مستەفا بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.

پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە رەنگە پەتاکە لەهەندێك شوێن هەبێت و زیاتر لەو کاتەدا ریکلام بکرێت، "بەڵام رێگریی هاتوچۆ کاری کردە سەر ئێمە، چونکە شوێنی زۆر هەیە داوات لێدەکات کاری ریکلامیی بۆ بکەی تەنانەت لەسەر پەتاکە، بۆ ئەوەی وەکو ریکلام بۆ خۆی و دواجار وەکو هۆشیاری تەندروستیی بڵاوی بکاتەوە."[١]

**٣,٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و بازاڕگەریی لەسەر وەختی کۆڤید-١٩دا:**

هەریەك لەکۆمپانیا بەرتوێژەکانی ئەم توێژینەوەیە کۆکن؛ لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر جوڵەی بازاڕگەریی و کەمبونەوەی کاری بەرهەمهێنانی ریکلام لەهەرێمی کوردستاندا. لەورووەوە، کۆمپانیای ئەیدی میدیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندیی جوڵەی بازرگانیی لەگەڵ ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلامدا راستەوانە گۆڕێت، "هەتاوەکو جوڵەی بازرگانیی هەبێت خواست لەسەر شت لەلایەن خەڵکەوە دەبێت. هەتاوەکو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان جوڵەی بازرگانیی لەئاستێکی باشدابن، ئەوا بەهەمانشێوە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام لە ئاستێکی زۆرباشدا دەبن، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە ئێستا دروستبوە، سستییەك لەبازاڕ و کەمبونەوەی ئیشوکاردا هەیە، بەهەمانشێوە ئەو سستییە لەبەرهەمهێنانی ریکلامیشدا هەیە."[٢]

ئەو بۆچوونەش لەلایەن کۆمپانیای ستارت سەنتەر پشتگیریی دەکرێت و جەخت لەوەستاندنی کارەکانیان دەکاتەوە نەك کەمکردنەوەی، چونکە کۆڤید-١٩ نەك هەر بەتەنها کاریگەریی لەسەر ئەوان، بگرە لەسەر هەموو بزنسێکی دیکەش هەبووە، "تەنها لەوەیە چەند شوێنێکی کەم هەبێت قازانج بکەن، وەکو لایەنی بازرگانی تەندروستیی و خۆراکییەکان. ئەوان لەبری زەرەر قازانجێکی زۆر دەکەن، بەڵام وەکو ئێمە زۆر زۆر زیانمان پێگەیشتوە. ئێمە بۆ زیاتر لە ٢٠ رۆژە تەنانەت شوێنەکانمان داخستوەو ئەوەی من بزانم هاوپیشەکانیشم وان. بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەری ١٠٠%ی هەبوە ... بەشێك لە کاری ئێمە کە لەدەرەوەی کوردستانەو ئێستاش سنورەکان داخراوە بە تایبەت تورکیاو ئێران، بۆیە ئیشەکان نارِوات."[٣] بەدەربڕینێکی دیکە، کۆڤید-١٩و گرتنەبەری رێوشوێنی خۆپارێزیی لەرێی قەدەغەکردنی هاتووچۆ بەرووی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، هۆکارێکی دیکەی کەمیی بەرهەم و سنورداربوونی بازاڕگەرییە، بەڵام ئەمەش بۆ هەموان چوونیەك نییە. لەوبارەیەوە، کۆمپانیای سولی میدیا ئاماژە بەدوو سەرچاوەی سودمەندی ریکلام دەکات کە ئەوانیش کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت و پەیوەندییکردنن، "سەرەڕای کەمیی ریکلامی بازرگانی، بەڵام لەلایەکی ترەوە خەریکی بەرهەمهێنانی ریکلامی تایبەت بە کۆرۆناییین. واتە لەم کاتی قەیرانەدا ئێمە دەرفەتی خۆمان دۆزیوەتەوەو بەردەوامین لەکارکردن."[٤] هاوشان لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، کۆمپانیای یونیك ئینجین دووپاتیدەکاتەوە کە ئەگەرچی بەدرێژایی مانگی ئادار سەرجەم کاری بازاڕگەریی کۆمپانیاکەیان

[١] بروانە وەڵامی هەرێز فەرەیدون بۆ پرسیاری دووەمی فۆرمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٢] بروانە وەڵامی دانا مستەفا بۆ پرسیاری سێیەمی فۆرمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٣] بروانە وەڵامی هەرێز فەرەیدون بۆ پرسیاری سێیەمی فۆرمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٤] بروانە وەڵامی دیاری حامد بۆ پرسیاری سێیەمی فۆرمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.

وەستێنرابوو، "بەڵام لەپاش مانگی نیسان جوڵەی بازاڕگەرییمان دەستپێکردەوەو پەیوەندییمان بەچەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی ناو کوردستان و عێراق کرد، بەمەبەستی کاری هونەریی تایبەت بە پەتای کۆرۆنا."[١]

### ٤,٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و ئاستی داهاتیان لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:

بەهۆی ئەو پەیوەندییە راستەوانەیەی لەنێوان جوڵەی بازاڕ و داهاتی کۆمپانیا بازرگانییەکان و خاوەن شمەك و کاڵاکاندا هەیە، کۆڤید-١٩ کاریگەریی لەسەر کەمبوونەی سەرچاوەی داهات و دارایی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلامیش هەبووە. هەروەك کۆمپانیای ئەیدی میدیا دووپاتیدەکاتەوە، هەتاوەکو ئیشی بەرهەمهێنانی ریکلام زۆر بێت، "داهات زۆر دەبێت و ئەگەر بەرهەمهێنانی ریکلامیش کەم بێت، داهات کەم دەبێت."[٢] ئەم بۆچوونەش لەلایەن کۆمپانیای ستارت سەنتەر جەختی لێدەکرێتەوە، لەبەرئەوەی "وەکو داهات و سەرچاوەی دارایی ١٠٠% کاریگەریی هەبوە، چونکە ئیشی ئێمە راستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان و خاوەن ئیشەکاندایە. ئەوان ئیش نەکەن، ئێمەش ئیشمان ئەوەستێت، چونکە قەدەغەی هاتوچۆ هەیە و کۆمپانیاکان ئیشیان کەمکردۆتەوە."[٣] بەهەمانشێوە ئەو هۆکارەش وایکردووە زۆربەی گرێبەست و کارەکانی کۆمپانیای یونیك ئینجین کە پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی ریکلامەوە هەبێت بوەستێنرێن، تەنانەت بەشێکی لەداهاتی کۆمپانیاکەیان کە تایبەتە بە بەرێوەربردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش کەمیکردووە. ئەگەرچی زۆربەی کارەکانی ئێستای کۆمپانیای یونیك ئینجین لەماڵەوە بەرێوەدەبرێن و "سەرجەم پێداویستییەکانی کارکردن"یان بۆ ستافەکەیان گەیاندوەتە ماڵەوە، چونکە "زۆربەی کۆمپانیاکان و ئەو لایەنانەی کاریان بۆ دەکەین پێیان باشە لە خەڵك دانەبڕێن و بەردەوام ئامۆژگاری خۆپاراستن لە پەتای کۆرۆنا بڵاودەکەنەوە."[٤]

### ٥,٢,١,٣: کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام لەنێوان ئێستا و پێش دەرکەوتنی کۆڤید-١٩دا:

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام کە وەك مشتەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناتوانن خەمڵاندنێکی ورد و تەواوەتیی بۆ رێژەی سەدی بەرهەمهێنانی ریکلام لەنێوان ئێستا و مانگەکانی پێش بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەمانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٩ەوە بکەن. لەوبارەیەوە، کۆمپانیای ئەیدی میدیا پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە توێژینەوەی ورد ئەنجام بدرێت، وەگەرنا ناتوانن هەر ئاوا بەسەرپێی بڕیاری لەسەر بەرز و نزمیی رێژەکە بدەن. بۆ نمونە، دەکرێت هەر کۆمپانیایەك سەر لەنوێ پێداچوونەوە بەئیشەکانی خۆیدا بکات و ئاستی

[١] بروانە وەڵامی رێژوان عەبدولحەمید بۆ پرسیاری سێیەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٢] بروانە وەڵامی دانا مستەفا بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٣] بروانە وەڵامی هەرێز فەرەیدون بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٤] بروانە وەڵامی رێژوان عەبدولحەمید بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.

بەرهەمهێنان و ژمارەی ئەو کارانەی لەمانگی ١٢ی ٢٠١٩ەوە تاوەکو سەرەتا و ناوەڕاستی مانگی ٠٢ی ٢٠٢٠ هەیانبووە بیخاتەڕوو تاوەکو بزانێت جیاوازیی نێوانیان چەندە، "بەتەئکید جیاوازیی هەیە و دەتوانین بڵێین ٨٠% کاری ریکلامو ئەدڤێرتایزین هاتۆتە خوارەوە، بەڵام ئەمەش لەوەیە رێژەیەکی راست نەبێت."[١] لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمپانیای سولی میدیا وایدەبینێت کە رەنگە جارێك زووبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری رێژەی سەدی کەمکردنی داهاتی کۆمپانیاکان، "چونکە ریکلام بەپێی جۆر و بەرهەمی کاڵاکە دەگۆڕێت کە وەرزییە یاخود کاتیە. بۆ نمونە، لە مانگی رەمەزاندا ریکلام بە گشتیی دەکرێت باش بێت، زیاتر کۆمپانیاکانی خواردەمەنی وشکە و گازییەکان یاخود شەربەتەکان گرنگیی پێدەدەن، بەڵام لە مانگەکانی تردا جیاوازترە. دروستکردن یاخود بڵاوکردنەوەی ریکلام بەپێی مانگەکان و کاتەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت."[٢] ئەگەرچی جیاوازی کاتی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامی بازرگانیی و جۆر و چییەتی بەرهەمەکان لەلای کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی ریکلام دیار و زانراوە، بەڵام هەمووشیان لەسەر کەمبونەوەی داهاتی کۆمپانیاکانیان کۆکن. کۆمپانیای ستارت سەنتەر دووپاتیدەکاتەوە کە جیاوازیی زۆر لەرێژەکاندا هەیە، چونکە پێش پەتاکە جوڵەیەکی باش هەبووەو توانیویانە ئیش بکەن، "بەڵام ئێستا هەم بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی سنورەکان و داخستنی بازاڕو شوێنەکان هیچ ئیشێك نییە و هیچ جوڵەیەکی بازرگانیی نییە لەناو کۆمپانیا بازرگانییەکاندا."[٣] ئەوەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە کۆمپانیای یونیك ئینجین پشتگیریی دەکات و ئاشکرای دەکات کە بەدیارییکراوی لەرۆژی ٠٦ی ئاداری ٢٠٢٠ەوە، "سەرجەم کاری بەرهەمهێنان و وێنەگرتنی ریکلام وەستاوە، ئەتوانین بڵێین بە رێژەی لەسەدا سەد کەمیکردووە، بە بەراورد بە مانگی کانونی یەکەم."[٤]

### ٣,١,٣: تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و شیکردنەوەی داتاکان:

دوابەدوای خستنەڕووی وەڵامی رۆژنامەوانان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام، لێرەدا شیکردنەوە بۆ وەڵامی چاوپێکەوتنی سێ بەڕێوبەری گشتیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان دەکرێت کە لەهەرێمی کوردستانەوە پەخش دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش، شەش پرسیار ئاڕاستەی هەریەکەیان کرا و ئەوانیش لەرێی نووسینەوە وەڵامیان دایەوە. یەکێکیان خاوەنی زنجیرە تەلەڤزیۆنە زەمینییەکانی فاڵکۆن_ەو تایبەتە بەبواری کۆمەڵایەتیی و خێزانیی و وەرزشی، یەکێکیشیان تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانیی گشتیی سەر بەکۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانە بەناوی پەیام، سێیەمیشیان ئێن ئاڕ تی-یە کە پێنج کەناڵی تەلەڤزیۆنیی ئاسمانیین و لەلایەن دامەزراوەی میدیایی نالیا بەڕێوە دەبرێن و لەرووی داراییشەوە سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ پشتگیرییان دەکات. ئامانج لەوەرگرتنی ئەم سێ بەرتوێژە، باشتر تێگەیشتنە لەجیاوازییەکانی سەرچاوەی داهاتی هەریەکەیان و بەراوردکردنی

[١] بروانە وەڵامی دانا مستەفا بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٢] بروانە وەڵامی دیاری حامد بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٣] بروانە وەڵامی هەرێز فەرەیدون بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٤] بروانە وەڵامی رێژوان عەبدولحەمید بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٢ لە لیستی پاشکۆکاندا.

وەڵامەکانیانە لە بارەی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لەسەر ئاستی دەستکەوتن و بڵاوکردنەوەی ریکلام و ئەو گۆڕانکاریانەی بەهۆی داهاتی بەدەستهاتوو، رووبەڕووی دامەزراوە میدیاییەکان بەگشتیی و تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەتایبەت دەبێتەوە.

**١,٣,١,٣: ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات:**

ناڕوونیی سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات و دارایی میدیای کوردیی بەگشتیی و لەنێویشیاندا تەلەڤزیۆنەکان وایکردووە زۆرجار ئاسان نەبێت درێژە بەمانەوە و بەردەوامیی میدیایەکی سەربەخۆی پیشەیی خاوەن کارنامەی نیشتمانیی بەرپرسیار بدرێت. ئەویش بەهۆی خاوەنی ئەو ئایدۆلۆژیایەی لەپشت میدیاکانەوەیە و خاوەنداریێتیی دەکات. لەدۆخی بڵاوبوونەوەی پەتایەکی وەك کۆڤید-١٩دا کە کاریگەرییە بەرفراوانەکانی جوڵەی زۆر کەرت و بواری پەکخستووە، بەڵام کاریگەری پێچەوانەی لەسەر کەرتی میدیایی هەرێمی کوردستان هەبووەو دەبێت. بۆیە داهاتی ریکلام وەك سەرچاوەی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامیی دامەزراوە میدیاییەکان چوونیەك نییە. بۆ زنجیرە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تی، هەربەتەنها پشت بەداهاتی ریکلام نابەستن، بەڵکو

> "بەتێکڕایی، ریکلام ٣٠% بۆ ٤٠%ی داهاتمان بۆ دابین دەکات و هەندێكساڵیش دەگاتە ٦٠%، بەشەکەی تریش لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە دابین دەکرێت."[١]

هەڵبەت ئەو بۆچوونەی سەرەوە هەر بەتەنها بۆ ئێن ئاڕ تی، راست نییە کە بڵاوکردنەوەی ریکلام سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیان بێت، بەڵکو زۆر تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی دیکەی وەك پەیام هەمان کێشەیان هەیە و راشکاوانە ئاشکرای دەکەن کە داهاتی ریکلام سەرچاوەی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامی دامەزراوەکەیان نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی پارەدارکردنی دامەزراوەکەیە.

> "سەرچاوەی سەرەکیی دارایی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی پەیام لەلایەن خاوەنی ئیمتیازی دامەزراوەکەوە دابین دەکرێت کە ئەو سیاسەتی دامەزراوەکە لەرووی دابەزاندن و کاری ریکلامەوە دادەنێت. بەهۆی ئەو تایبەتەندییەی کە لە دامەزراوەکەدا هەیە ناتوانرێت بەتەواوی دەستکراوەبێت لە ریکلامکردن و دەستخستنی داهاتی ریکلام، بەڵکو زۆر سنوردارە. بەجۆرێك کە لەکاری ریکلامدا چوارچێوەیەکی کاری دیاریکراو و گونجاو لەگەڵ سیاسەت و تایبەتمەندی دامەزراوەکە بۆ ئەو کارە دیاریکراوە کە بەو چوارچێوەیە ناتوانرێت داهاتی ریکلام بکرێتە سەرچاوەی سەرەکی دارایی و پارەدارکردنی دامەزراوەکە."[٢]

دیارە هەریەك لە تۆڕی میدیایی کۆمەڵ کە (پەیام) یەکێکە لەکەناڵە ئاسمانییەکانی و لەلایەن پارتێکی سیاسیی وەك کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و دامەزراوەی میدیایی نالیا کە خاوەنی پێنج

---

[١] ئاوات عەلی، سەرۆکی دامەزراوەی میدیایی نالیا بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە لە رۆژی ١٨ی نیسانی ٢٠٢٠دا.

[٢] فاروق عەلی، بەڕێوبەری گشتیی تۆڕی میدیایی کۆمەڵ بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە لەرۆژی ١٦ی نیسانی ٢٠٢٠دا.

کەناڵی ئاسمانیی جیاوازە و بەهەمانشێوە لەلایەن خاوەنی پارتێکی سیاسیی وەك جوڵانەوەی نەوەی نوێ پارەداردەکرێن، ریکلام یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهاتیان، هەربۆیە مانەوە و بەردەوامییان گرێدراوی زۆروکەمیی بڵاوکردنەوەی ریکلام نییە. بەپێچەوانەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بۆ کەناڵە زەمینییەکانی وەك زنجیرە تەلەڤزیۆنەکانی فاڵکۆن، "تاکە داهات کە هەیەتی هی ریکلامە، ئەو داهاتەش لەمەسروفاتی کەناڵەکەدا سەرف دەکرێتەوە."[(١)]

**٢,٣,١,٣: ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و بڵاوکردنەوەی لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:**

دیارە هەروەکچۆن سەرچاوەی سەرەکیی مانەوە و بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەر بەتەنها ریکلام نییە، بەهەمانشێوە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩و رێوشوێنەکانی خۆپاراستن لێی، لەرێی درێژکردنەوەی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و نەمانی جوڵەی بازرگانیی و لەماڵەوە مانەوەی هاووڵاتیان، کاریگەریی جیاوازی لەسەر رێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلامی تەلەڤزیۆنیی هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی، لەسێ لایەنی سەرەکییەوە هاتنی پەتاکە کاریگەریی لەسەر دەستکەوتن و داهاتی بڵاوکردنەوەی ریکلام لەسەر کەناڵی ئاسمانیی پەیام و کەناڵە هاوشێوەکانی دیکە هەبووە.

> "لایەنی یەکەم: سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩ بویە هۆی راگرتنی بازاڕ و سنوردارکردنی کاری بازرگانیی لەهەموو بوارەکاندا، بەمەش کۆمپانیاکان بە رێژەیەکی بەرچاو داوای راگرتنی ریکلامەکانیان بەچەند ئاڕاستەیەك کرد، لەوانە: دواخستنی کاتەکانی دابەزاندنی ریکلامەکە بۆ کاتێکی نادیار و پەیوەست بە نەمانی پەتاکە و کردنەوەی بازاڕ و جوڵەی بازرگانیی کە لەدامەزراوەکەی ئێمەدا ٣٥%ی ریکلامەکان بەم ئاڕاستەیەدا رۆشتن. راگرتنی تەواوی ریکلامەکە و داخستنی حسابەکە، بەتایبەت بۆ ئەو کاڵایانەی کە وەرزیی بوون و کاتیان بەسەر دەچوو، ٣٠%ی ریکلامەکان لەدامەزراوەکەماندا بەم ئاڕاستەیە رۆشتن. مانەوەی ریکلام بە جۆرێك کە رێژەی دابەزاندن کەم بکرێتەوەو کاتی ریکلامەکە درێژ بکرێتەوە کە رێژەی ٢٠%ی بەم ئاڕاستەیەدا رۆشتن. مانەوەی ریکلامەکە وەك خۆی کە پێشتر هەبوە کە ١٥%ی ریکلامەکانی دەگرتەوە. لایەنی دووەم: بەهۆی زیادبونی بەرنامەی تەندروستیی و ریکلامی هوشیاری تەندروستیی و نەگونجانی هەندێك ریکلام بۆ بارودۆخەکە ماوەی دابەزاندی ریکلام کەمبویەوە لە کەناڵەکەدا. لایەنی سێهەم: وەرگرتنی ریکلامی نوێ بۆ کەناڵەکە بەرێژەی تەواو وەستێنراو کۆمپانیا و خاوەن کاڵاکان بەرنامەی ریکلامکردنیان راگرت، ئەویش بەهۆی ناڕوونیی و ناسەقامگیری بارودۆخی بازاڕ و جوڵەی بازرگانیی و گۆڕانکاری لەشێوەی ساغکردنەوەی کاڵاکاندا ... بەئاستێکی بەرچاو و رێژەیەکی فراوان لە نێوان ٦٠% تا ٧٠% کەمیکرد."[(٢)]

بەپێچەوانەی کەناڵی ئاسمانیی پەیام کە خۆیان کۆمپانیای بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی ریکلامیان هەیە، کاریگەریی نەرێنیی کۆڤید-١٩ لەسەر ئێن ئاڕ تیی کەمتر بووە و نەگەیشتوەتە ١٠٠%. ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی سەرجەم ئەو ریکلامانەی کە پێشتر لەگەڵ کەناڵەکاندا

---

(١) عامر سەڵاح، بەڕێوبەری گشتیی تەلەڤزیۆنەکانی فاڵکۆن بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە لەرۆژی ١٨ی نیسانی٢٠٢٠دا.

(٢) بڕوانە وەڵامی فاروق عەلی بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.

گرێبەستییان کردووە، بەبێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر کات و کرێی بڵاوبوونەوەییاندا بێت، "چونکە ٨٠%ی ریکلامی کەناڵەکانمان فرۆشتووە بەشێوەی گرێبەست بە کۆمپانیایەکی ریکلام و ئەوان ئەوان ریکلام بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەو ٢٠%ەی دەمێنێتەوە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە کاریگەر کاریگەر بووەو نەماتوانیوە گرێبەستەکان بگەیەنینە ئەنجام."[1] هەڵبەت شێوازی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام و چۆنیەتی بەدەستهێنان و فرۆشتنەوەی لەکەناڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت. جا ئەگەر کۆڤید-١٩ کاریگەریی نەرێنیی بەئاست و رێژەی جیاواز لەسەر هەریەك لە کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تیی و پەیام هەبووبێت، ئەوا بۆ کەناڵە زەمینییەکانی فاڵکۆن خراپتربووە، چونکە ئەوانیش خۆیان بەدوای ریکلامدا دەگەڕێن و بڵاوی دەکەنەوە، نەکئەوەی بەگرێبەستی ساڵانە ریکلامەکانیان بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام فرۆشتبێت و ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن. هەربۆیە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ کاریگەرییەکی نەرێنیی زیاتری لەسەر رێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلامی تەلەڤزیۆنیی فاڵکۆن هەبووە.

> "بەدڵنیاییەوە کاریگەریی زۆری هەیە، بەجۆرێك کە هیچ پەیوەندییەك نەکراوە بۆ ریکلامکردن لەم ماوەیەی باسکراوە. تەنانەت هەندێك ریکلام کە بۆ ماوەی درێژ گرێبەستیان هەبوو، ریکلامەکانیان وەستاند. بۆنمونە، ئێمە لەم کاتەدا ساڵی پار نزیکی ١٧ ریکلاممان هەبووە، بەڵام ئەمساڵ دابەزی بۆ چوار ریکلام."[2]

### ٣,٣,١,٣: ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و بڵاوکردنەوەی لەنێوان جوڵەی بازاڕ و ئاستی بەرهەمهێناندا:

ئەگەر بۆ تەلەڤزیۆنە زەمینییەکانی فاڵکۆن، ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی "بەدڵنیاییەوە" وابەستەی ئاستی فرۆشتن و جوڵەی بازاڕ بێت، ئەوا بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان هۆکاری دیکەی لەپشتەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی دامەزراوە میدیاییەکەی ئێن ئاڕ تی، دووپاتیدەکاتەوە کە "جوڵەی بازاڕ و ئابوریی لە هەرێم و عێراق و جیهاندا کاریگەریی لەسەر کەم و زۆریی بڵاوکردنەوەی ریکلام هەیە، نەك تەنها ئەمساڵ (بەڵکو) بەدرێژایی مێژووی کەناڵەکانمان."[3] بۆ کەناڵی ئاسمانیی پەیام، لەگەڵ ئەوەی "بەشێوەیەکی گشتیی ئاستی فرۆشتن و جوڵەی بازاڕ هۆکاری یەکەم و کاریگەرە لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی، بەڵام لەبەرانبەر ئەمەدا چەند هۆکارێکی تر هەن کە کار لەسەر زیاد و کەمکردنی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام دەکەن ئەوانیش بریتین لە: کواڵیتی بەرهەمی میدیایی کەناڵەکە و خواستی بینەران و بیسەران، ئاستی هونەریی و تەکنیکی دروستکردنی ریکلام، گونجاوی ریکلام بۆ دابەزاندن لە کەناڵەکەدا لەرووی ئاینی و فەرهەنگی و سیاسییەوە، وەرزی ئەو کاڵایەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت، نزیکی و

---

[1] بڕوانە وەڵامی عامر سەلاح بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[2] بڕوانە وەڵامی عامر سەلاح بۆ پرسیاری دووەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[3] بڕوانە وەڵامی ئاوات عەلی بۆ پرسیاری سێیەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.

هاوتەریبی کاڵا و کارێك کە ریکلامی بۆ دەکرێت لەگەڵ تایبەتمەندی کەناڵەکەدا."[١]

**٤،٣،١،٣: ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و وەرچەرخانی داهات و دارایی لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:**

کەمیی یان گۆڕینی شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەروەختی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ خۆپاراستن لەپەتای کۆڤید-١٩و دەرهاویشتەکانی، کاریگەریی لەسەر تەلەڤزیۆنە زەمینییەکانی فاڵکۆن هەبووەو گرفتی دارایی بۆ سەرچاوەی داهاتی کەناڵەکان دروستکردووە، چونکە کە "داهاتی کەناڵەکە بەس بریتی بێت لە داهاتی ریکلام ئەوا کاریگەریی دەبێت."[٢] بەپێچەوانەشەوە بۆ کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تی، "کاریگەری ئەوتۆی نەبووە، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ٨٠٪ ریکلامەکانمان پێشتر فرۆشتووەو گرێبەستی بۆ کراوە."[٣] ئەوەش دۆخێکی نوێی هێناوەتەئارا کە بۆ کەناڵی ئاسمانیی پەیام، کاریگەرییە نەرێنییەکەی کۆڤید-١٩ "کاریگەرییەکی راستەوانەی هەبوو بۆ سەر کەمکردنی داهاتی ریکلام لە کەناڵەکەدا، بەجۆرێك کە رێژەی ٦٥٪ی ریکلام راگیراوە لەو ماوەیەدا، هەربۆیە لانیکەم ئەو داهاتەی بڕیاربوو بێتەدەستت بەهەمان رێژە کەمدەکات. لەلایەکی ترەوە نەبونی ریکلامی نوێ، دیسانەوە کاریگەریی لەسەر داهات هەیە کە داهاتی نوێت بەتەواوی راگیراوە. لەبارەی گۆڕینی شوێنی ریکلامەکان، تەنها لەرووی کاتی ریکلامەوە کاریگەریی لەسەر کەناڵ هەبوە نەك لەرووی داهاتەوە، چونکە ئەو ریکلامانەی کە ماونەتەوە و کاتیان گۆڕاوە دواتر داوای قەرەبووی کات دەکەنەوە نەك داشکاندنی نرخ، بەمەش ئەو رێژەیە کاریگەریی لەسەر داهات نابێت."[٤]

**٥،٣،١،٣: تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و چارەنووسیان لەنێوان مانەوە و بەردەوامیی کۆڤید-١٩دا:**

لەدۆخی درێژەکێشانی پەتای کۆڤید-١٩و زیاتر کەمبوونەوەی داهاتی ریکلامدا، هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر مانەوەو بەردەوامیی کەناڵەکانی ئێن ئاڕ تیی دروست نابێت، چونکە "پلانی بەردەوامیی ئێمە تەنها پابەند نییە بە ریکلامەوە لەبەرئەوەی کۆرۆنای نوێ مەترسیی لەسەر بەردەوامبوون و مانەوەمان وەك خۆی دروستناکات و لەمکاتەدا کەناڵێکی پەروەردەییمان کردەوە."[٥] بۆ کەناڵی ئاسمانیی پەیام کاریگەرییەکە بەجۆرێکە، "بەشێك لە داهاتی کەناڵەکە کەم دەکات بەس نابێتە هەڕەشە لەسەر راگرتنی کەناڵەکە، چونکە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ریکلام نییە و پەیوەستە بەداهاتی خاوەن ئیمتیازی کەناڵەکەوە، سیاسەت و تایبەتمەندی کەناڵەکە ئەوەی لا روونە کە ناتوانێت ریکلام بکاتە سەرچاوەی سەرەکیی مانەوەی، چوارچێوەی کاری ریکلامیی تێدا

[١] بڕوانە وەڵامی فاروق عەلی بۆ پرسیاری سێیەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٢] بڕوانە وەڵامی عامر سەلاح بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٣] بڕوانە وەڵامی ئاوات عەلی بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٤] بڕوانە وەڵامی فاروق عەلی بۆ پرسیاری چوارەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٥] بڕوانە وەڵامی ئاوات عەلی بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.

بەرتەسکە بەبەراورد لەگەڵ کەناڵی تر و بازاڕی ریکلام."[١] بەپێچەوانەی ئەو کەناڵە ئاسمانییانەوە، کاریگەریی درێژەکێشانی پەتاکەو ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لەسەر کەناڵە زەمینییەکانی فاڵکۆن دەبێتە هەڕەشە لەسەر بە بەرزی مانەوە و بەردەوامیی کواڵیتی بەرهەمەکانیان؛ "چونکە بەردەوام داهات لەخەرجی کەمتر بوو، ئەوا ... کورتهێنان دروست دەبێت، بەڵام ناگاتە ئاستی داخستنی پرۆژەکە و لەرووی بەرهەمهێنانی بەرنامە و ناوەڕۆکی کەناڵەکان لاواز دەبێت، هەندێت کات بە مەسرەفێکی زۆرکەم دەتوانی بە لاوازیی بەردەوام بیت، بۆئەوەی شاشەکەت نەکوژێتەوە."[٢]

### ٦,٣,١,٣: تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و پلانی جێگرەوەی داهاتی ریکلام لەسەروەختی کۆڤید-١٩دا:

پلانی جێگرەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی داهاتی لەدەستچووی ریکلام، لای هەریەك لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکان جیاوازەو هاوشێوەی یەك نییە، بۆ هەندێکیان داهاتی ریکلام هێڵی سوری جیاکەرەوەیە لەنێوان وەستان و بەردەوامییاندا. لەوبارەوە، تەلەڤزیۆنەکانی فاڵکۆن هیچ پلانێکی جێگرەوەیان نییە، "تەنها ئەوەنەبێت کە لەهەوڵی پەیداکردنی ریکلامدا بین، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە سەربەخۆیی پرۆژەکەمان بەندە بەسەربەخۆیی سەرچاوەی داهات، بۆیە جگە لە ریکلام بیر لەهیچ بژاردەیەکی تر ناکەینەوە."[٣] ئەگەر ئەم رێگەچارەیە بۆ تەلەڤزیۆنێکی زەمینیی چانسی سەرکەوتنی هەبێت، ئەوا بۆ تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانیی زەحمەتە، هەروەك ئێن ئاڕ تیی جەختی لەسەردەکاتەوە، "ئەوەی بەدەر لە داهاتی ریکلام پێویستمانە، کۆمپانیای نالیا تێچووی کەناڵەکان لەئەستۆ دەگرێت."[٤] ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەمبوونەوەی داهاتی ریکلام نابێتە هۆی ئەوەی بیر لەپلانی جێگرەوە بکەنەوە، چونکە سەرچاوەیەکی داهاتی دیکەی وەك کۆمپانیای نالیا هەیە کە ناهێڵێت کەناڵەکانی ئێن ئاڕ تیی بوەستن. ئەمەش بۆچوونێکە نزیکە لەبۆچوونی کەناڵی ئاسمانیی پەیام کە پارتێکی سیاسیی لەپشتە و پێیوایە "ریکلامکردن بەشێکی زۆری پەیوەستە بە کاتەوە و تێپەڕبونی کاتیش قەرەبوکردنەوەی سەختە، کەواتە ناتوانرێت بە ڕێژەیەکی زۆر قەرەبووی ئەو زیانە بکرێتەوە کە بەهۆی کۆڤید-١٩ەوە بەسەر بارودۆخی ریکلام و داهاتی ریکلامدا هاتووە. لەلایەکی ترەوە ئەو کاتەی تر کە دێتە بەردەستت کاریگەریی دوای بارودۆخەکەی لەسەرەو پێویستیی بە ئاساییکردنەوە هەیە، دیسانەوە هەوڵی قەرەبوو تیایدا لاوازە. ئەوەی کە وەك قەرەبوو لەبەردەسماندا بێت و کاری لەسەر بکرێت، درێژکردنەوەی ماوەی ریکلام و درێژەدانە بەو ریکلامانەی کە راگیراون لەگەڵ کارکردنی زیاتر و بە پلان لەدەستخستنی ریکلام."[٥]

[١] بروانە وەڵامی فاروق عەلی بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٢] بروانە وەڵامی عامر سەڵاح بۆ پرسیاری پێنجەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٣] بروانە وەڵامی عامر سەڵاح بۆ پرسیاری شەشەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٤] بروانە وەڵامی ئاوات عەلی بۆ پرسیاری شەشەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا.
[٥] بروانە وەڵامی فاروق عەلی بۆ پرسیاری شەشەمی فۆڕمی ژمارە ٠٣ لە لیستی پاشکۆکاندا..

## ٤. بەشی چوارەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوە

کۆی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە لەرێی هەردوو رێبازی رووپێوی و چاوپێکەوتنەوە پێیگەیشتووە، لەم بەشەی کۆتاییدا دەخرێنەڕوو، دواتریش لەژێر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەدا چەند راسپاردەیەك پێشکەشی هەریەك لە توێژەرانی میدیایی و تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام دەکرێن.

### ١,٤: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەریەك لە راگەیاندنکاران و رۆژنامەوانان لەگەڵ بەرێوبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام کە وەك مشتەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون، هۆکاری کەمیی ریکلام و داهات بۆ پەتای جیهانیی کۆڤید-١٩ ناگەڕێننەوە، بەڵکو زۆرتر بۆ بڵاوبوونەوەی دەرهاویشتەکانی پەتاکە و رێوشوێنەکانی خۆپاراستن لێی دەگەڕێننەوە. لەوانە، درێژکردنەوەی ماوەی قەدەغەی هاتووچۆی ناوخۆیی و دەرەکی، داخستنی سنورەکان، دووری کۆمەڵایەتی، کەنارگیریی و مانەوە لەماڵ، دەستنەکەوتنی هێزی کار، ترسی خەڵك و گۆڕینی رەفتاری بەکاربەر کە وایکرد زۆرتر لە خەمی مانەوە و دابینکردنی پێدوایستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەدا بن نەك بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام. ئەوەش وایکرد ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەم سێ ئەنجامە سەرەکییەی لێبکەوێتەوە:

١.بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەهاویشتەکانی خۆپاراستن لێی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، کاریگەریی راستەوانەی لەسەر پەیوەندیی نێوان جوڵەی مرۆڤەکان و جوڵەی بازاڕی هەرێمی کوردستان هەبووە. ئەو کاریگەرییە نەرێنییەش بەلای راگەیاندنکار و رۆژنامەوانانەوە زۆرترە وەك لەلای هەریەك لە بەرێوبەرانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام. لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا، ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام وابەستەی ئاستی فرۆشتن و جوڵەی بازاڕی خاوەن بەرهەم و کۆمپانیا بازرگانییەکانە. ئەگەرچی لەکەناڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێت، بەڵام کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تیی لەرێی گرێبەستی ساڵانەوە ریکلامەکانیان بە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام فرۆشتووە، بۆیە بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و رێوشوێنەکانی خۆپارستن لێی کاریگەرییەکی نەرێنی ئەوتۆی لەسەریان نەبووە. بەپێچەوانەوە، هەریەك لە کەناڵەکانی پەیام و فاڵکۆن کاریگەریی نەرێنیی زیاتری لەسەر رێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیان هەبووە. بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام لەهەرێمی کوردستاندا، پەتای کۆڤید-١٩ کاریگەرییەکی دوولایەنەی لەسەر ئاستی بەدەستهێنان و بەرهەمهێنانی ریکلام هەبووە. کاریگەریی نەرێنیی پەتاکە و رێوشوێنەکانی سنوردارکردنی، وایکردووە ببێتەهۆی سستی و تائاستی وەستانی ریکلامی بازرگانی. ئەوەش وایکردووە کاریگەرییەکی ئەرێنیی لێبکەوێتەوەو بەهۆیەوە جۆرێکی دیکەی ریکلامی تایبەت بە هۆشیاری پزیشکیی و رێنمایی تەندروستیی لەبارەی خۆپاراستن لەپەتای جیهانیی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەرهاویشتەکانی روو لەزیادبوون بکات. بەتایبەت

لەلایەن حکومەت و حزب و بەشێك لە ڕێکخراوەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکانیشەوە.

٢.بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەهاویشتەکانی خۆپاراستن لێی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی پرۆژەی گەورەی ڤیدیۆیی هەریەك لە کۆمپانیاکانی (سولی میدیا، ئەیدی میدیا، یونیك ئینجین و ستارت سەنتەر) هەبووە. هاوکات کاریگەریی ئەرێنیی دەرهاویشتەکانی پەتاکە زۆرتر بۆ پرۆژەی بچووکی کەم داهات بووە، چونکە زۆتر ئەو جۆرە ریکلامانەیان بەرهەمهێناوە کە پەیوەندیی بە بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هۆشیاری تەندروستییەوە هەبووە کە بە ڕێگەی ئینتەرنێت و لەماڵەوە کراون، کەمتر پێویستیان بە ستافی گەورە و قەرەباڵغیی و چوونەدەرەوەی وڵات هەبووە.

٣.بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ و دەرهاویشتەکانی خۆپاراستن لێی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، بەئاست و ڕێژەی جیاواز کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی ریکلامی هەریەك لەتەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە. ئەو کاریگەرییەش بەهۆی هەبوونی سەرچاوەی دیکەی داهات لەڕێی خاوەندارێتیی و پشتگیرییکردنی دارایی پارتە سیاسسەکان و کۆمپانیاکانیان لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکانی ئێن ئاڕ تیی وپەیام کەمتر ولەسەر کەناڵە زەمینییەکانی فاڵکۆن زیاتر بووە. ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی باوی زۆرینەی ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەوانانە کە "هاوڕان" لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی پەتای جیهانیی کۆڤید-١٩ و دەرهاویشتەکانی بە جۆرێکە، هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان یان دابەزاندنی کواڵیتیی بەرهەمەکانیان دەکات.

### ٢,٤: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

١.پێویستە هەریەك لەکۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام و میدیای کوردیی بەگشتیی و لەنێویشیاندا تەلەڤزیۆنە کوردییە زەمینیی و ئاسمانییەکان بەتایبەت گرنگیی زیاتر بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانی بدەن. ئەویش لەڕێی بڵاوکردنەوەی شێوازی جیاوازی ریکلامی دیجیتاڵی، بەتایبەت لە دۆخێکی هاوشێوەی پەتای کۆڤید-١٩ و ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لێی لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا کە بەکارهێنەرانی میدیا ڕوولەزیادبوون دەکەن.

٢.لەسەر توێژەرانی میدیایی پێویستە، بایەخی زیاتر بەدەرهاویشتەکانی خۆپاراستن لە پەتای کۆڤید-١٩ و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و کۆمپانیاکان و سەرچاوەی داهات و دابینکردنی بژێوی ڕۆژنامەوانان بدەن. ئەمجۆرە، پرسانە بابەتگەلی هەنوکەیی بایەخدارن و پێوستە لەگۆشەنیگای جیاجیا و بەبەکارهێنانی کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەی جیاواز لێی وردبنەوە و لێکۆڵینەوەی تیابکەن. بەتایبەت توێژینەوەی فرەپسپۆڕی هاوبەش لەنێوان پسپۆڕانی زانستە مرۆیی و پەتیی و پزیشکییەکاندا، پێویستییەکی هەنوکەییە و گرنگە ئەنجامەکانی بکرێنە بەردی بناغەی داڕشتنی پلان و پرۆژە و پرۆگرامی لایەنە پەیوەندییدارەکانی کەرتی گشتیی و تایبەت لەهەرێمی کوردستاندا.

## ٥. سەرچاوەكانی توێژینەوە


**١،٥: سەرچاوە كوردییەكان**

١. شوان ئادەم ئەیڤەس، كورد و پرۆسەی گەیاندن، چاپی یەكەم، سلێمانی، بەشی چاپ و بڵاوكردنەوەی رادیۆ نەوا، ٢٠٠٥.

٢. ماڵپەری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ٢٠٢٠. ڤایرۆسی كۆرۆنا (كۆڤید-١٩)، [ئۆنلاین]. حكومەتی هەرێمی كوردستان (١١ی نیسان). لەم بەستەرەدا بەردەستە: https://gov.krd/coronavirus/situation-update/ [بەدەستهێنانی لە رۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠٢٠].

٣. ماڵپەری رێكخراوی تەندروستیی جیهان، ٢٠٢٠. بارودۆخی بڵاوبوونەوەی كۆڤید-١٩، [ئۆنلاین]. رێكخراوی تەندروستیی جیهان (٨ی نیسان). لەم بەستەرەدا بەردەستە: https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019 [بەدەستهێنانی لە رۆژی ١٢ی نیسانی ٢٠٢٠].

٤. نەزاكەت حسێن حەمەسەعید، هونەری ریكلامكردن و ریكلامسازی، چاپی یەكەم، سلێمانی، سەنتەری سارا، ٢٠٢٠.

٥. هەڤاڵ ئەبوبەكر، راگەیاندن و راگەیاندنی كوردیی، چاپی یەكەم، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیر،٢٠٠٢.

**٢،٥: سەرچاوە عەرەبییەكان**

٦. حيدر فالح زايد، ٢٠٢٠: اعداد الرسائل الاقناعية في وسائل الإعلام للحد من فايروس كورونا، ورقة بحثية من جامعة ذي قار _كلية الاعلام، [اونلاين]. Researchgate (١٥ ادار). متوفر عند: https://www.researchgate.net/publication/340133953_alrsayl_alaqnayt_fy_wsayl_alalam_fayrws_kwrwna [تم الوصول إليه في: ١٢ أبريل ٢٠٢٠].

٧. د.عبداللة الطويرقي، علم الاتصال المعاصر، الطبعة الثانية، الرياض، مكتبة العبيكان، ١٩٩٧.

**٣،٥: سەرچاوە ئینگلیزییەكان**

8. AIVAS, SH, A., 2017. Kurdish Journalism Cultures; Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. Ph.D thesis, Nottingham Trent University.

9. ASHLEY, R., GRANGER, C. W. J., & SCHMALENSEE, R. 1980. Advertising and aggregate consumption: An analysis of causality. Econometrica, 48(5), 1149–1167.

10. BUGHIN, J. AND SPITTAELS, S., 2012. Advertising as an Economic-Growth Engine. The New Power of Media in the Digital Age. Brussels: McKinsey and Company.

11. CALLAHAN, F. X., 1986. Advertising and economic development. International Journal of Advertising, 5(3), 215–224.

12. CHECK, J., & SCHUTT, R. K., 2012. Survey research. In J. Check & R. K. Schutt (Eds.). Research methods in education. Thousand Oaks, CA: Sage Publications. Pp. 159–185.

13. KALDOR, N., and SILVERMAN, R., 1948. A Statistical Analysis of Advertising Expenditure and of the Revenue of the Press, Cambridge, England: University Press.
14. KVALE, S., 1996. Interviews an Introduction to Qualitative Research Interviewing, Sage Publications.
15. KYLE, B., 2001. The Economics of Advertising, Introduction. Columbia University. New York.
16. LAGHHATE, G., 2020. Covid-19 crisis: Media industry urges government to clear advertising dues, [Online]. The Economic Times (06 April). Available at: https://economictimes.indiatimes.com/media-industry-urges-govt-to-clear-ad-dues/articleshow/74998593.cms?from=mdr [Accessed on 18April 2020].
17. MAXIMILIEN, N., 2004. Advertising and Economic Growth. French Association of Advertisers.
18. McNamara, C., 1999. General Guidelines for Conducting Interviews. PhD thesis. University of Minnesota.
19. NADEEM, S., 2020. Coronavirus COVID-19: Available free literature provided by various companies, journals and organizations around the world. Journal of Ongoing Chemical Research, 5(1), pp.7-13.
20. NIELSEN GLOBAL MEDIA., 2020. The Impact of COVID-19 on Media Consumption Across North Asia, [Online]. NIELSEN GLOBAL MEDIA (13 March). Available at: https://www.nielsen.com/wp-content/uploads/sites/3/2020/03/The-Impact-of-COVID-19-on-Media-Consumption-Across-North-Asia.pdf [Accessed on: 18April 2020].
21. PONTO, J., 2015. Understanding and Evaluating Survey Research, [Online]. Researchgate (15 December). Available at: https://www.researchgate.net/publication/286445115_Understanding_and_Evaluating_Survey_Research. [Accessed on: 21 March 2020].
22. SELIGMAN, J., 2020. Marketing implications and response to the COVID-19 Virus, [Online]. *Researchgate* (15 March). Available at: https://www.researchgate.net/publication/339948474_MARKETING_AND_RESPONSE_TO_THE_COVID_19_VIRUS [Accessed on: 18 April 2020].
23. SINGLETON, R. A., & STRAITS, B. C., 2009. Approaches to social research (5th Ed.). New York: Oxford University Press.
24. UNESCO WEBSITE. 2020. In Viet Nam, *UNESCO* calls to end fake news and disinformation and highlights the importance of quality media coverage, [online]. *UNESCO* (08 April). Available at: https://en.unesco.org/news/viet-nam-unesco-calls-end-fake-news-and-disinformation-and-highlights-importance-quality-media

# ٦. پاشکۆکانی توێژینەوە

## فۆرمی ژمارە ٠١

## راپرسیی رۆژنامەوانان

**بەشداربووی بەڕێز**

ئەم فۆرمی راپرسییەی بەردەستان تایبەتە بەدیدوبۆچوونی ئێوەی رۆژنامەوانان و ئەوانەی لەراگەیاندنەکاندا کاردەکەن، تا وەك کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاریی بەکاربهێنرێت؛ بۆ توێژینەوەیەکی تایبەت بەپەتای " کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لەسەر بەرهەمهێنانی ریکلام و کەمکردنەوەی داهات؛ تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستاندا ". پاشان، دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە بەشێك لەو هەوڵانەی دەدرێن لەپێناو دەرخستنی کاریگەریی و کاردانەوەکانی پەتای جیهانیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر کەرتە جیاوازەکان، لەنێویشیاندا کەرتی میدیا و مارکێتینگ. هەربۆیە دڵنیاتان دەکەینەوە کە وەڵامەکانتان پارێزراودەبن‌و بۆ مەبەستی زانستیی بەکاردەهێنرێن؛ هاوکاریی بەڕێزتان لە دروست وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، جێگەی رێز و ستایشە.

لەگەڵ رێز و پێزانینی توێژەراندا


م.د. شوان ئادەم ئەیڤەس
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
shwan.adam@spu.edu.iq

پ.ی.د.نەزاکەت حسێن سەعید
زانکۆی سلێمانی
nazakat.hamasaeed@univsul.edu.iq

م.ی.هەرێم کەریم غەفور
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
harem.ghafor@spu.edu.iq


### ❖ زانیاریی گشتی

**تکایە نیشانەی (√) لەبەردەم هەریەك لەم بژاردانەی خوارەوەدا دابنێ کە لەگەڵ دیدوبۆچوونی بەڕێزتدا دەگونجێن.**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەگەز | ☐ نێر | ☐ مێ | |
| ٢ | تەمەن | ☐ ١٨ – ٢٥ | ☐ ٢٦ - ٣٣ | ☐ ٣٤ زیاتر |
| ٣ | ئاستی خوێندن | ☐ نەخوێندەوار | ☐ بنەڕەتی (پۆلی ١٠تاوەکو ٠٩) | |
| | | ☐ ئامادەیی | ☐ دیبلۆم | ☐ بەکالۆریۆس |
| | | ☐ ماستەر | ☐ دکتۆرا | |
| ٤ | ئەزموونی رۆژنامەنوسی | ☐ یەک ساڵ کەمتر | ☐ ٢-١٠ ساڵ | ☐ ١١ ساڵ و زیاتر |
| ٥ | شوێنی نیشتەجێبوون | ☐ پارێزگای دهۆك | ☐ پارێزگای هەولێر | ☐ پارێزگای هەولێر |
| | | ☐ پارێزگای هەڵەبجە | ☐ ئیدارەی گەرمیان | ☐ ئیدارەی راپەڕین |
| ٦ | شوێنی کارکردن | ☐ میدیای بینراو | ☐ میدیای بیستراو | ☐ میدیای نووسراو |
| | | ☐ میدیای ئەلکترۆنی | ☐ بەشی راگەیاندنی فەرمانگە حکومییەکان | |

❖ هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکان

**١. بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ، میدیاکان ناچاردەکات بەدوای ڕێگەی دیکەی داهات پەیداکردندا بگەڕێن**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٢. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلامی کوردیی کاڵا و شمەکەکان لەهەرێمی کوردستاندا هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٣. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئاستی داهاتی فرۆشتنی ریکلامی نێو میدیا کوردییەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٤. پەتای کۆرۆنا بووەتە هۆی دروستبوونی گرفتی دارایی و کەمکردنەوەی داهاتی میدیا کوردییەکان**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٥. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر سنووردارکردن و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٦. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٧. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوەی ریکلامی نوێی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٨. پەتای کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر سنووردارکردن و کەمکردنەوەی داهاتی ریکلامی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان هەبووە**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**٩. بەردەوامیی پەتای کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ، دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوە و بەردەوامیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان**

تەواوهاوڕام (  ) هاوڕام (  ) دڵنیانیم (  ) هاوڕانیم (  ) تەواو هاوڕانیم (  )

**فۆرمی ژمارە ٠٢**

**چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرتوێژانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام**

| پرسیاری توێژەران و وەڵامی لێتوێژراوان | |
|---|---|
| **ناوی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام** | **پرسیاری یەکەم: پەتای کۆرۆنا چی کاریگەرییەکی لەسەر ئاستی بەدەستهێنان و بەرهەمهێنانی ریکلامی بازرگانیی هەبووە؟** |
| **کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەری و ڕیکلام/ سنوردار**[١] | بە دڵنیاییەوە، هەر لەسەرەتای دروستبوونی پەتای کۆرۆناوە گۆڕانکاری خێرا ڕویداوە، لەسەر بەدەستهێنانی ریکلامی بازرگانی، جگە لەسێکتەرەکانی خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردن، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، بواری پزیشکیی و خۆراك. بەرهەمهێنانی ریکلام زۆر سەختتر بووە، بەهۆی ئەوەی سەرجەم ئەو ئەکتەرو ئەو جێگایانەی ریکلامیان تیا دروستدەکرێت لەبەر مەترسیی پەتای کۆرۆنا ڕێککەوتنیان لەگەڵدا هەڵوەشێنراوەتەوە بەمەبەستی خۆپاراستن. |
| **کۆمپانیای ئەیدی میدیا**[٢] | بە تاکید ڤایرۆسی کۆرۆنا کە ئێستا هەموو جیهانی گرتۆتەوە دەتوانین بلێن هەموو ئابوری جیهانی قشەڵ کردوە، تا بەردەوامیش بێت زیاتر بەرەو خراپتری دەبات. وەستانی ئابوریی دونیا بەوەستانی کۆمپانیاکان و ژیانی ئابوری هەمووی سەرچاوەکەی کرۆنایە. ئەمەش ڕاستەوخۆ بابەتی بەرهەمهێنانی ریکلام وەکو هەموو بزنسێکی تر زەرەری لێکەوتوە. بەتایبەتی بۆئێمە ڕاستە، کۆمەڵێك پرۆجێکتی بچوك و کەم بە ئۆنلاین لەماڵەوە دەکرێن، بەڵام بابەتەکانی ئێمە زیاتر پەیوەندیی بەڤیدۆپرۆدەکشنەوە هەیە ئەویش زیاتر پێویستی بە قەرەباڵغیی ستاف و کارمەند هەیە کە ئێمە لەم کاتەدا ناتوانین بیکەین. زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە ستراتیجی بڵاوکردنەوەی ریکلامیان هەبوو بۆ ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوەو بیانسێن بەخەلك، بەجۆرێك لە جۆرەکان وەستاوە. بەگشتی، تاکە شت کە ماوە کۆمەڵك پرۆجیکتە کە ئەیکەین و ماومانە، ئەوانیش پرۆجێکتی ٣دی ئەنیمەیشن و مۆشن گرافیك یان بەشی سۆشیالمیدیا کە کۆمەلێك جموجۆڵ و چالاکی ماوە. بەشێوازێکی گشتیی کۆمپانیای ریکلامی دەتوانم بلێم ٢٠% بۆ ٣٠%، کارەکانی جارەنمان دەکەین. بەهیواین زوو ئەم ڤایرۆسە تەواو بێت، چونکە بەراستی ئێستە وەرزی ئەدڤێرتایزیینە لەمانگی ٢ بۆ مانگی ٨. دوای ئەوە سستی بەخۆیەوە دەبینێت بەهۆی ئەوەی شەریکەکان ئەو بوجەیەی هەیانبووە سەرفیان کردوە. |
| **کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام**[٣] | پەتاکە وەکو خۆی کێشەیەکی ئەوتۆی دروستنەکردوە بۆ ئیشی ریکلام بەگشتی و ئیشی ئێمە بەتایبەتی، چونکە ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە پەتاکە لە کوردستان بڵاوبۆتەوە تاوەکو ئێستا ئیشی خۆمان هەرهەبوە. بەرای من ئیشمان زیادیکردوە نەك کەم، بەهۆی ئەوەی بەشێك لەشوێنەکان ریکلامیان دەکرد وەکو ڕێنمایی تایبەت بەنەخۆشیەکە بڵاودەکرایەوە، چونکە زۆر کۆمپانیا و لایەنی حزبیی و حکومییش |

[١] ڕێژوان عەبدولحەمید؛ وەك بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری ڕیکلام وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

[٢] دانا مستەفا؛ وەك بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئایدی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ریکلام وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

[٣] هەرێز فەرەیدون؛ خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

| | |
|---|---|
| | هەبوو، وەکو خۆبەخش کاری بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام دەکرد. ئەوەی ئێستە ئیشی ئێمەی بەتەواوەتی گرتوە، نەك هەر ئێمە بەڵکو هەموو کۆمپانیاکانی ریکلام زیاتر کێشەکە بەهۆی قەدەغەکردنی هاتوچۆوە دروستبووە. بەرای من پەتاکە ئیشی زیاتری بۆ ئێمە هێنا، بەڵام ڕێگریی هاتوچۆ نەیهێشتوە ئیش بکەین. هەر لەو چەند رۆژەی سەرەتای ڤایرۆسەکە کە قەدەغەی هاتوچۆ نەبوو کاری باشمان هەبوو بۆ پۆستەر و ڕێنمایی بڵاوکردنەوە. |
| **کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام** (١) | ئەم پەتایە کاریگەریی کردۆتە سەر سەرجەم سێکتەرە جیاوازەکان لەتەواوی جیهاندا بەگشتیی و سێکتەری ئابوری بەتایبەتی. کۆرۆنا بۆتە هۆی وەستانی جوڵەی بازرگانیی و پەکخستنی لەزۆر رووەوە. ریکلام وەك کایەیەکی گرنگ لەبواری ئابورییدا بەدەر نییە لەکاریگەرییە خراپەکانی کۆرۆنا، چونکە ریکلام راستەوخۆ پەیوەندیی بە جوڵەی بازرگانییەوە هەیە. بازرگانەکان بەپێی جوڵەی بازاڕ بیر لە کردن و نەکردنی ریکلام دەکەنەوە. ئێستا لەکوردستاندا، ریکلام وەك بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە سستی تێکەوتوە، بەڵام بەتەواوی نەوەستاوە. |
| | **پرسیاری دووەم: پەتای کۆرۆنا چی کاریگەرییەکی لەسەر خواستی ریکلام دروستکردنی لای خاوەن شمەك و کاڵاکان هەبووە؟** |
| **کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەری و ڕیکلام/ سنوردار** | وەك کۆمپانیای UE Productions سێ کاری وێنەگرتنی ریکلام و دوو بەرهەمی ریکلامی تەواوبوو کە تایبەت بوون بە کۆمپانیای خواردەمەنیی و نەورۆز و مانگی ڕەمەزان، سەرجەمیان ڕاگیراون و بڵاونەکراونەتەوە. |
| **کۆمپانیای ئەیدی میدیا** | وەکو پێشتر وتم هەموو ئەو کەسانەی کە پرۆجێکتی بەسیتیان هەیە حەزدەکەن لەکەناڵە جیاوازەکانەوە ریکلامی بۆ بکەن. بۆنمونە هەر لەدیجیتاڵ میدیاوە تا دەگاتە تەلەڤزیۆنەکان دەیانەوێت پرۆداکتەکانیان یان بەرهەمەکانیان بناسێنن و مارکێتین بۆ خۆیان بکەن و کێبرکێ بکەن. بەتاکید، پەتای کرۆنا کاریگەریەکی وا گەورەی دروستکردوە ئێستا ئەوانەی کە پرۆداکتیان هەیە خەیاڵیان لای ئەدڤێرتازین نییە، لەبەرئەوەی وەکو بزنسەکانی تر ئەوانیش لە داکشاندان. راستە ئێستا بەشێك لە کۆمپانیای خواردەمەنی کاریان هەیە هەر وەکو چۆن لە کاتی جەنگ و کاتی قەیرانەکانی تریش وایە، بەڵام ئەوان حاڵەتی مارکێتینگ و ئەدڤێرتایزیان چالاك نییە تا بیر لەوشتە بکەنەوە. جگە لە کۆمەڵێك شەریکاتی کۆمەنیوکەشن و پەیوەندییەکان کە ئەوانیش هەر خەتێکن، بەردەم پێوستیان بەمارکێتین و ئەدڤێرتایزین هەیە بۆ ئەو ئۆفەرانەی کە دەیکەن. |
| **کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام** | وەکو پێشتر باسمکرد پەتاکە رەنگە لەهەندێك شوێن هەبێت زیاتر لەو کاتەیە ریکلام بکات، بەڵام ڕێگریی هاتوچۆ کاری کردە سەر ئێمە، چونکە شوێنی زۆر هەیە داوات لێدەکات کاری ریکلامیی بۆ بکەی تەنانەت لەسەر پەتاکە، بۆ ئەوەی وەکو ریکلام بۆ خۆی و دواجار وەکو هۆشیاری تەندروستیی بڵاوی بکاتەوە. |
| **کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و** | لەدۆخە ناجێگیرەکاندا کەمجار هەیە خاوەنکار و کۆمپانیا بازرگانییەکان بیر لەدروستکردن یاخود بڵاوکردنەوەی ریکلام بکەنەوە، چونکە کاری ئەوان راستەوخۆ |

(١) دیاری حامد؛ وەك بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

| | |
|---|---|
| **بڵاوکردنەوەی ریکلام** | پەیوەندیی بەسەقامگیری سیاسیی و ئابورییەوە هەیە. لەم قەیرانی تەندروستییەی ئێستادا، هەرچەند کۆمپانیا بازرگانیەکان ریکلام دروستناکەن یاخود کەمتر بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام لەولاوە لایەنێکی تری گرنگ کە بریتییە لەحوکومەتەکان لەپێناو هۆشیارکردنەوە و پێدانی زانیاریی بەهاووڵاتیان بیر لە دابینکردنی بودجە دەکەنەوە بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ریکلام. ئەمەش لە لایەکی ترەوە دەبێتە بازاڕگەرمییەك بۆ کۆمپانیاکانی ریکلام. |
| | **پرسیاری سێیەم: پەتای کۆرۆنا چ کاریگەرییەکی لەسەر جوڵەی بازاڕگەریی و کەمبونەوەی کاری کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام هەبووە؟** |
| **کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەری و ڕیکلام/ سنوردار** | وەکو کۆمپانیای UE Productions، لە مانگی ئاداردا سەرجەم کاری بازاڕگەریی وەستێنرابوو، بەڵام لەپاش مانگی نیسان جوڵەی بازاڕگەرییمان دەستپێکردەوەو پەیوەندییمان بە چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاحی ناو کوردستان و عێراق کرد، بەمەبەستی کارێکی هونەری تایبەت بە پەتای کۆرۆنا. |
| **کۆمپانیای ئەیدی میدیا** | بە تاکید جوڵەی بازرگانیی لەگەل بەرهەمهێنانی ریکلامدا راستەوانە دەگۆڕێت، هەتاوەکو جوڵەی بازرگانیی هەبێت خواست لەسەر شت لەلایەن خەڵکەوە دەبێت. هەتاوەکو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان جوڵەی بازرگانیی لەئاستێکی باشدابن، ئەوا بەهەمانشێوە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام لەئاستێکی زۆرباشدا دەبن، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە ئێستا دروستبوە، سستییەك لەبازار وکەمبونەوەی ئیشوکار هەیە، بەهەمانشێوە ئەو سستییە لەبەرهەمهێنانی ریکلامیشدا هەیە. |
| **کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام** | وەکو کاریگەری نەك هەر ئێمە بگرە لەسەر هەموو کارێکی بزنس هەیە، تەنها لەوەیە چەند شوێنێکی کەم هەبێت قازانج بکەن، وەکو لایەنی بازرگانی تەندروستیی و خۆراکییەکان. ئەوان لە بری زەرەر قازانجێکی زۆر دەکەن، بەڵام وەکو ئێمە زۆر زۆر زیانمان پێگەیشتوە. ئێمە بۆ زیاتر لە ٢٠ رۆژە تەنانەت شوێنەکانمان داخستوەو ئەوەی من بزانم هاوپیشەکانیشم وان. بەشێوەیەکی گشتیی کاریگەری ١٠٠% ی هەبوە. بۆ ئێمە نەك کاری کەمکردۆتەوەو وەستاندویەتی، هەروەها بەشێك لە کاری ئێمە کە لەدەرەوەی کوردستانەو ئێستاش سنورەکان داخراوە بە تایبەت تورکیاو ئێران، بۆیە ئیشەکان ناروات. |
| **کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام** | هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا کاریگەریی کۆرۆنا هەمەلایەنە و سەرجەم شوێنەکانی گرتۆتەوە، لەکاسبکارێکی ناو بازاڕەوە تا گەورەترین کۆمپانیا. رەنگە تەنها سودمەندی یەکەم، کۆمپانیای ئینتەرنێتیەکان بن یان تێلی کۆمیونیکەیشنەکان بن. ئێمە وەکو کۆمپانیای سولی میدیا سەرەڕای کەمیی ریکلامی بازرگانی، بلام لەلایەکی ترەوە خەریکی بەرهەمهێنانی ریکلامی تایبەت بەکۆرۆناییین. واتە لەم کاتی قەیرانەدا ئێمە دەرفەتی خۆمان دۆزیوەتەوەو بەردەوامین لە کارکردن. |
| | **پرسیاری چوارەم: پەتای کۆرۆنا چی کاریگەرییەکی لەسەر داهات و سەرچاوەی دارایی کۆماپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام هەبووە؟** |
| **کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەری و ڕیکلام/ سنوردار** | بەدڵنیاییەوە، زۆربەی گرێبەست و کارەکانی کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی ریکلامەوە هەبێت وەستێنراوە. بەڵام بەشێکی کەم لە داهاتی کۆمپانیای UE Digital کە تایبەتە بە بەڕێوەربردنی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کەمیکردووە، بەهۆی ئەوەی بەڕێوەبردنی کارەکان لەماڵەوە بەڕێوەدەچن و سەرجەم پێداویستیی کارکردنمان بۆ |

| | |
|---|---|
| | گەیاندونەتە ماڵەوە. زۆربەی کۆمپانیاکان و ئەو لایەنانەی کاریان بۆ دەکەین پێیان باشە لە خەلك دانەبڕێن و بەردەوام ئامۆژگاری خۆپاراستن لە پەتای کۆرۆنا بڵاودەکەنەوە. |
| **کۆمپانیای ئەیدی میدیا** | وەکو پێشتر باسمکرد کاریگەری دروستدەبێت لەسەر کەم بەرهەمهێنانی ریکلام لەلایەن کۆمپانیایەکی ریکلام، راستەوخۆ کەمییش دەبێت لەداهاتدا. واتە راستەوانە دەگۆرێت، هەتاوەکو ئیش زۆر بێت یان بەرهەمهێنانی ریکلام زۆر بێت، داهات زۆر دەبێت و ئەگەر بەرهەمهێنانی ریکلامیش کەم بیت داهات کەم دەبێت. |
| **کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام** | وەکو داهات و سەرچاوەی دارایی، ١٠٠% کاریگەریی هەبوە، چونکە ئیشی ئێمە راستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان و خاوەن ئیشەکاندایە. ئەوان ئیش نەکەن، ئێمەش ئیشمان ئەوەستێت، چونکە قەدەغەی هاتوچۆ هەیەو کۆمپانیاکان ئیشیان کەمکردۆتەوە. |
| **کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام** | پرسیارەکان تارادەیەك نزیکن لەیەکترەوە، بۆیە دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش سود لەوانەی پێشوتر وەربگیرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە کاریگەری خراپی هەبوە. |
| | **پرسیاری پێنجەم:**<br>**بەبەراورد بەمانگی ١٢و بەر لەبڵاوبوونەوەی پەتا کۆرۆنا و قەدەغەردنی هاتووچۆ، رێژەی بەرهەمهێنانی ریکلام لەسەدا چەند کەمیکردوە؟** |
| **کۆمپانیای یونیك ئینجین بۆ کاری هونەری و ڕیکلام/ سنوردار** | لە ٢٠٢٠/٣/٦وە سەرجەم کاری بەرهەمهێنان و وێنەگرتنی ڕیکلام وەستاوە، ئەتوانین بڵێین بەڕێژەی لەسەدا سەد کەمیکردووە، بە بەراورد بە مانگی کانونی یەکەم. |
| **کۆمپانیای ئەیدی میدیا** | بۆ ئەوە دەبێت دیراسەیکی زۆر وردی بۆ بکرێت، ناتوانیت ئاوا بەسەرپێی قەراری لەسەر بدەین. دەبێت کۆمپانیای توێژنەوەکان توێژینەوە بۆ ئەو باسە بکرێت یان کۆمپانیاکان دەبێت سەر لەنوێ دیراسەیەکی ئیشەکانی خۆی بکاتەوەو ئاستی بەرهەمهێنان و ئەو ژمارەی کارانەی کە هەیبوە لەمانگی ١٢و تاوەکو سەرەتاو ناوەراستی مانگی ٢ چەندی فەرقە. بەتاکید جیاوازی هەیە و دەتوانین بڵێین لە ٨٠% کاری ریکلام و ئەدڤێرتایزین هاتۆتە خوارەوە، بەڵام ئەمەش لەوەیە رێژەیەکی راستی نییەو تەواوبێت. |
| **کۆمپانیای ستارت سەنتەر بۆ کاری ریکلام** | وەکو رێژە لە ١٠٠% جیاوازی هەیە، چونکە ئەوکات واتە پێش کرۆنا جوڵەیەکی باش هەبوو، ئەمانتوانی ئیش بکەین، بەڵام ئێستا هەم بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی سنورەکان و داخستنی بازارو شوێنەکان هیچ ئیشێك نیە و هیچ جوڵەیەکی بازرگانیی نیە لە ناو کۆمپانیا بازرگانییەکاندا. |
| **کۆمپانیای سولی میدیا بۆبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام** | رەنگە جاریك زوو بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، چونکە ریکلام بەپێی جۆر و بەرهەمی کاڵاکە دەگۆڕێت کە وەرزییە یاخود کاتیە. بۆ نمونە، لە مانگی رەمەزاندا ریکلام بە گشتیی دەکرێت باش بێت و زیاتر کۆمپانیاکانی خواردەمەنی وشکە و گازییەکان یاخود شەربەتەکان گرنگیی پێدەدەن، بەڵام لەمانگەکانی تردا جیاوازترە. دروستکردن یاخود بڵاوکردنەوەی ریکلام بەپێی مانگەکان و کاتەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. |

**فۆرمی ژمارە ٠٣**
**چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرتوێژانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان**

| پرسیاری توێژەران و وەڵامی لێتوێژراوان | |
|---|---|
| **ناوی تەلەڤزیۆنەکان** | **پرسیاری یەکەم: ئایا داهاتی ریکلام، سەرچاوەی سەرەکی مانەوە و بەردەوامیی دامەزراوەکەتانە؟ چۆن و بە چ شێوەیەك؟** |
| **ئێن ئار تی** [١] | ریکلام ٣٠% بۆ ٤٠%ی داهاتمان بۆ دابین دەکات بە تێکڕایی و هەندێك ساڵ دەگاتە ٦٠%، بەشەکەی تریش لە لایەن کۆمپانیای نالیاوە دابین دەکرێت. |
| **پەیام** [٢] | نەخێر داهاتی ریکلام سەرچاوەی سەرەکی مانەوەو بەردەوامی دامەزراوەکە نیە. بەڵکو یەکێکە لە سەرچاوەکانی پارەدار کردنی دامەزراوەکە.<br>ـ سەرچاوەی سەرەکی دارایی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی پەیام لە لایەن خاوەنی ئیمتیازی دامەزراوەکەوە دابین دەکرێت کە ئەو سیاسەتی دامەزراوەکە لە روی دابەزاندن و کاری ریکلامەوە دادەنێت، بە هۆی ئەو تایبەتەندیەی کە لە دامەزراوەکەدا هەیە ناتوانرێت بەتەواوی دەسکراوەبێت لە ریکلام کردن و دەست خستنی داهاتی ریکلام بەڵکو زۆر سنوردارە.<br>ـ بەجۆرێك کە لەکاری ریکلامدا چوارچێوەیەکی کاری دیاریکراوو گونجاو لەگەڵ سیاسەت و تایبەتمەندی دامەزراوەکە بۆ ئەو کارە دیاریکراوە کە بەو چوارچێوەیە ناتوارنێت داهاتی ریکلام بکرێتە سەرچاوەی سەرەکی دارایی و پارەدارکردنی دامەزراوەکە. |
| **فاڵکۆن** [٣] | بەڵێ کەناڵەکانی فاڵکۆن تاکە داهات کە هەیەتی هی ریکلامە ئەو داهاتە سەرف دەکرێتەوە لە مەسروفاتی کەناڵەکە. |
| | **پرسیاری دووەم: ئایا هاتنی پەتای کۆڤید-١٩و ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ چ کاریگەرییەکی لەسەر رێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلام لەکەناڵەکەتاندا هەبووە؟ (ئەگەر بە ژمارە بیسەلمێنن، وردتر دەبێت)** |
| **ئێن ئار تی** | ٨٠%ی ریکلامی کەناڵەکانمان فرۆشتووە بەشێوەی گرێبەست بە کۆمپانیایەکی ریکلام و ئەوا ریکلام بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەو ٢٠%ی دەمێنێتەوە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی وە کاریگەر بووەو نەماتوانیوە گرێبەستەکان بگەیەنینە ئەنجام. بەڵام سەرجەم ئەو ریکلامانەی پێشتر گرێبەستی کراوە وەك خۆی بلاوبووەتەوە بێ گۆڕانکاری. |
| **پەیام** | بڵاو بونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ لە دوولایەنی سەرەکیەوە کاریگەری لەسەر ریکلام هەبوو، بەم جۆرە<br>لایەنی یەکەم: سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید نۆزدە بویە هۆی راگرتنی بازارو سنوردارکردنی کاری بازرگانی لەهەموو بوارەکاندا، بەمەش کۆمپانیاکان بەرێژەیەکی بەرچاو داوای راگرتنی ریکلامەکانیان کرد بە دوو ئاراستە:<br>أ. دواخستنی کاتەکانی دابەزاندنی ریکلامەکە بۆ کاتێکی نادیار و پەیوەست بە نەمانی پەتاکەو کردنەوەی بازارو جوڵەی بازرگانی کە لە دامەزراوەکەی ئێمەدا ٣٥% ریکلامەکان بەم ئاراستەیە |

[١] ئاوات عەلی، سەرۆکی دامەزراوەی میدیایی نالیا بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە لە رۆژی ١٨ی نیسانی ٢٠٢٠دا.

[٢] فاروق عەلی، بەڕێوبەری گشتیی تۆڕی میدیایی کۆمەڵ بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی دەوەتەوە لە رۆژی ١٦ی نیسانی ٢٠٢٠دا.

[٣] عامر سەڵاح، بەڕێوبەری گشتیی تەلەڤزیۆنەکانی فاڵکۆن بەنووسین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە لە رۆژی ١٨ی نیسانی ٢٠٢٠دا.

| | |
|---|---|
| | ڕۆشتن<br>ب. ڕاگرتنی تەواوی ریکلامەکە و داخستنی حسابەکە، بەتایبەت بۆ ئەو کاڵانەی کە وەرزی بون و کاتیان بەسەر دەچوو. ٣٠% ریکلامەکان لە دامەزراوەکەماندا بەم ئاراستەیە ڕۆشتن.<br>ت. مانەوەی ریکلامە بەجۆرێك کە ڕێژەی دابەزاندن کەم بکرێتەوەو کاتی ریکلامەکە درێژ بکرێتەوە. کە ڕێژەی ٢٠% بەم ئاراستە ڕۆشتن<br>پ. مانەوەی ریکلامەکە وەك خۆی کە پێشتر هەبوە کە ١٥% ریکلامەکانی دەگرتەوە.<br>لایەنی دووەم: بەهۆی زیادبونی بەرنامەی تەندروستی و ریکلام و هوشیاری تەندروست و نەگونجانی هەندێك ریکلام بۆ بارودۆخەکە ماوەی دابەزاندی ریکلام کەم بویەوە لە کەناڵەکەدا.<br>لایەنی سێهەم: وەرگرتنی ریکلامی نوێ بۆ کەناڵکە بەڕێژەی تەواو وەستێنراو کۆمپانیاو خاوەن کاڵاکان بەرنامەی ریکلامکردنیان ڕاگرت، ئەویش بەهۆی ناڕونی و ناسەقامگیری بارودۆخی بازارو جوڵەی بازرگانی و گۆڕانکاری لە شێوەی ساغکردنەوەی کاڵاکان.<br>بەشێوەیەکی گشتی بەڵێ هاتنی پەتای کۆڤید ١٩ کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر ریکلام کردن لە کەناڵەکان و بە ئاستێکی بەرچاو و ڕێژەیەکی فراوان لە نێوان ٦٠% تا ٧٠% کەمیکرد. |
| **فاڵکۆن** | بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆری هەیە بە جۆرێك کە هیچ پەیوەندیەك نەکراوە بۆ ریکلامکردن لەم ماوەیەی باس کراوە تەنانەت هەندێك ریکلام کە بۆ ماوەی درێژ گرێبەستیان هەبوو ریکلامەکانیان وەستەند بۆ نمونە ئێمە لەم کاتەیا ساڵ پار نزیکی ١٧ ریکلامان هەبووە بەڵام ئەمساڵ دابەزی بۆ ٤ ریکلام |
| | **پرسیاری سێیەم: ئایا ئاستی بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاوکردنەوەی لەکەناڵەکەی ئێوەدا وابەستەیە بە ئاستی فرۆشتن و جوڵەی بازاڕەوە یان هۆکاری دیکەی لەپشتەوەیە؟** |
| **ئێن ئاڕ تی** | جوڵەی بازار و ئابوری لە هەرێم و عێراق و جیهاندا کاریگەری لەسەر کەمی و زۆری بڵاوکردنەوەی ریکلام هەیە، نەك تەنها ئەمساڵ بە درێژایی مێژووی کەناڵەکانمان. |
| **پەیام** | بەشێوەیەکی گشتی ئاستی فرۆشتن و جوڵەی بازار هۆکاری یەکەم و کاریگەرە لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنانی ریکلام و بڵاو کردنەوەی، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا چەند هۆکارێکی تر هەن کە کار لەسەر زیادو کەم کردنی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام دەکەن ئەوانیش بریتین لە:<br>ـ کوالیتی بەرهەمی میدیایی کەناڵەکەو خواستی بینەران و بیسەران<br>ـ ئاستی هونەری و تەکنیکی دروستکردنی ریکلام<br>ـ گونجاوی ریکلامە بۆ دابەزاندن لە کەناڵەکەدا لە ڕووی ئاینی و فەرهەنگی و سیاسیەیەوە.<br>ـ وەرزی ئەو کاڵای یەی کە ریکلامی بۆدەکرێت.<br>ـ نزیکی و هاوتەریبی کاڵاو کارێك کە ریکلامی بۆ دەکرێت لەگەڵ تایبەتمەندی کەناڵەکەدا. |
| **فاڵکۆن** | بەڵێ بە دڵنیایەوە وایە. |
| | **پرسیاری چوارەم: ئایا کەمیی یان گۆڕینی شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لەسەردەمی کۆڤید-١٩ و ماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا هیچ گرفتێکی دارایی بۆ سەرچاوەی داهاتی کەناڵەکەتان دروستکرد؟ چۆن و بە چ شێوەیەك؟** |
| **ئێن ئاڕ تی** | کاریگەری ئەوتۆی نەبووە، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ٨٠% ریکلامەکانمان پێشتر فرۆشتووەو گرێبەستی بۆ کراوە. |
| **پەیام** | کەمی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لەسەردەمی کۆڤیدی ١٩ و قەدەغەی هاتوچۆدا کاریگەریەکی ڕاستەوانەی هەبوو بۆ سەر کەمکردنی داهاتی ریکلام لە کەناڵەکەدا بەجۆرێك کە ڕێژەی ٦٥% ریکلام ڕاگیراوە لەو ماوەیەدا، هەر بۆیە لانی کەم ئەو داهاتەی بڕیاروو بێتە دەستت بەهەمان |

| | |
|---|---|
| | رێژە كەم دەكات.لەلایەكی ترەوە نەبونی ریكلامی نوێ دیسانەوە كاریگەری لەسەر داهات هەیە كە داهاتی نوێت بەتەواوی راگیراوە. لەبارەی گۆڕینی شوێنی ریكلامەكان تەنها لە رووی كاتی ریكلامەوە كاریگەری لەسەر كەناڵ هەبوە نەك لە رووی داهاتەوە چونكە ئەو ریكلامانەی كە ماونەتەوە و كاتیان گۆراوە دواتر داوای قەرەبووی كات دەكەنەوە نەك داشكاندنی نرخ. بەمەش ئەو رێژەیە كاریگەری لەسەر داهات نابێت |
| **فاڵكۆن** | بەڵێ دروستبووە وەك وتمان كە داهاتی كەناڵەكە بەس بریتی بێت لە داهاتی ریكلام ئەوا كاریگەری دەبێت. |
| | **پرسیاری پێنجەم: ئەگەر پەتای كۆڤید-١٩ درێژەی كێشا و داهاتی ریكلام لەئاستی پێویستیی كەناڵەكەتان كەمتربوو، هیچ هەڕەشەیەك لەسەر مانەوە و بەردەوامیی كەناڵەكەتان دروستدەبێت؟ چۆن و بە چ شێوەیەك ؟** |
| **ئێن ئاڕ تی** | پلانی بەردەوامی ئێمە تەنها پابەندنییە بە ریكلامەوە لەبەرئەوەی كۆرۆنای نوێ مەترسی لەسەر بەردەوامبوون و مانەوەمان وەك خۆی دروستناكات و لەمكاتەدا كەناڵێكی پەروەردەیمان كردەوە. |
| **پەیام** | بە كەم بونەوەی داهاتی ریكلام بەشێك لە داهاتی كەناڵەكە كەم دەكات بەس نابێت هەرەشە لەسەر راگرتنی كەناڵەكەكە، چونكە<br>ـ كەناڵەكە سەرچاوەی سەرەكی داهاتی ریكلام نیەو پەیوەستە بە داهاتی خاوەن ئیمتیازی كەناڵەكەوە.<br>ـ سیاسەت و تایبەت مەندی كەناڵەكە ئەوەی لا روونە كە ناتوانێت ریكلام بكاتە سەرچاوەی سەرەكی مانەوەی چونكە چوارچیچوەی كاری ریكلامی تێدا بەرتەسكە بە بەراورد لەگەڵ كەناڵی تر و بازاری ریكلام. |
| **فاڵكۆن** | بەڵێ هەرەشە دروستدەكات چونكە بەردەوام كە داهات لە خەرجی كەمتر بوو ئەوا لەروی زانستی ئابورییەوە كورتهێنان دروست دەبێت بەڵام ناگاتە ئاستی داخستنی پرۆژەكە بەڵام لە روی ئینتاجكردنی بەرنامەو ناوەروكی كەناڵەكان لاواز دەبێت هەندێت كات بە ماسرەفێكی زۆركەم دەتوانی بە لاوازی بەردەوامبیت بۆئەوەی شاشەكەت ناكوژێتەوە. |
| **پرسیاری شەشەم: ئایا هیچ جێگرەوەیەكتان بۆ قەرەبووكردنەوەی داهاتی ریكلام هەیە؟** | |
| **ئێن ئاڕ تی** | وەك پێشتر وتم كۆمپانیای نالیا تێچووی كەناڵەكان لە ئەستۆ دەگرێت. ئەوەی بەدەر لە داهاتی ریكلام پێویستمانە. |
| **پەیام** | لەبەر ئەوەی بابەی ریكلامكردن بەشێكی زۆری پەیوەستە بەكاتەوە و تێپەربونی كاتیش قەرەبوكردنەوەی سەختە، كەواتە ناتوانرێت بە رێژەیەكی زۆر قەرەبووی ئەو زیانە بكرێتەوە كە لە بەهۆی كۆڤید ١٩ وە بەسەر بارودۆخی ریكلام و داهاتی ریكلامدا هاتووە.لەلایەكی ترەوە ئەو كاتەی تر كە دێتە بەردەستت كاریگەری دوای بارودۆخەكەی لەسەر و پێویستی بە ئاسایی كردنەوە هەیە دیسانەوە هەوڵی قەرەبوو تیایدا لاوازە. ئەوەی كە وەك قەرەبوو لەبەردەسماندا بیچت و كاری لەسەر بكرێت درێژكردنەوەی ماوەی ریكلامەو درێژەدان بەو ریكلامانەی كە راگیراون كاركردنی زیاتر و بە پلان لە دەست خستنی ریكلام. |
| **فاڵكۆن** | نیمانە تەنها ئەوەنەبێت كە لە هەوڵی پەیداكردنی ریكلامدابین چونكە ئێمە باوەرمان وایە سەربەخۆی پرۆژەكەمان بەندە با سەربەخۆی سەرچاوەی داهات بۆیە جگە لە ریكلام بیر لە هیچ بژاردەیەكی تر ناكەینەوە. |